JILEMO

کۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

# ژمارە(١٦)    ساڵی چوارەم    هاوینی ٢٠٠١

بابەتەکانی ئەم ژمارە :


**وتــــار**
هونەر، هەڵوێست یان بازرگانی هەژێن  ل٢

**چاوپێکەوتن**
گروپی شانۆی بێسنور  ئارام  ل٨

**ژیاننامە و ناساندن**
نازم حیکمەت  ل١٤

**شـــانــۆ**
ترۆتسکی لە ... پیتەر ڤایز  ل٢٥

**چیــرۆك**
گوڵی سەربەستی  بڕیار  ل٣٤

**تــەنــز**
دڵداری خودا و ..  هەژێن  ل٣٧

**گاڵتەوگەپ**
خاتە سوور و حەمەتاڵ  ل٣٩

**سەرگەرمی**
خشتەک  ل٤٢


وێنەی سەربەرگ : گروپی شانۆی بێسنوور
تابلۆی پشتبەرگ : ریاح سعید

تایپو مۆنتاژ : ئۆژین ئەحەد


ئادرەسی پۆستی: JILEMO,Postfach, 912215, 51093 Koeln, Germany

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com

ئادرەسی ماڵپەڕ:
http://www.jilemo.cjb.net

## (( هونەر، هەڵوێستە یان بازرگانی )) هەژێن

سەردەمانێکی دورودرێژ بوونی بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتی لەژێر نێوو پەردەپۆشی کۆمۆنیستی‌دا، بواری ئەوەی ڕەخساندبوو کە بلۆکی ڕەقیبەکی واتە بازار ئازاد هەرچی تـاوانێکی بلۆکی ڕوسی بوو لەڕێگەی ڕاگەیاندن‌و بوارە هونەرییەکانەوە بەتایبەت سینەما بداتە پاڵ ئارمانی کۆمۆنەخوازی‌و بە بینەران بڵێ ئەوە سەرەنجامی هاتنە دی خەونی ڕزگاری هەتایی مرۆڤ‌و ڕوخانی کۆمەڵگەی چینایەتییە، لەولاشەوە ئەم ناو قەبەکردنەی بلۆکی ڕوسی بەنێو کۆمۆنیست بوونەوە لەلایەن بلۆکی بازار ئازادەوە، بواری ئەوەی ڕەخساندبوو کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازو شۆڕشگێڕشەکان بە ڕادەیەکی کەمو زۆر بکەونە ژێر کارایی پڕۆپاگەندەو دێوجامەی سۆشیالیست بوونی بلۆکی ڕوسی بە تایبەت ئەوەی کە ڕابەرایەتی بزووتنەوەکان لە دەستی توێژێکی ناڕازی‌و وردە بۆرژوازی نیشتمانپەروەردا بووو هیچ دەرکێکی چینایەتییان لە خودی کۆمۆنیزم وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نەبووو پاشڕەوانیشیان بە هەمان ڕوانگەوە دەیانڕوانییە ئەو بلۆکە.

هونەریش وەك بوارێکی کارکردن‌و سەنگەرو چەکی کارا، لەم میراتەی بزووتنەوە سیاسییەکان بێبەش نەبووو بەرنامەو شێوازی کارو تێڕوانین‌و ئارمانی خۆی لە سێبەری پەیڕەوو پڕۆگرامی ئەواندا دادەڕێژاو هەردەم پاشڕەوی ستراتیژو تاکتیکی وان بوو، هەر بۆیە لەگەڵ شکستی سیاسی‌و ئابوری سەرمایەی دەوڵەتی ئەو هونەرە باوەش شوناسنامەی خۆی لەدەستداو لە بێ پێگەیی کۆمەڵایەتی‌دا کەوتە بەر گەردەلولی نەزمی نوێ‌و هونەرمەندانی پاشڕەوی ئەم ڕێبازە باوە کەوتنەخۆ بۆ شەنکردنی خەرمانی خۆیان لەبەردەم ئەو ڕەشەبایەداو ئیتر هونەرمەندان‌و ئەدیبانێکیش بۆ خۆقوتارکردن لە پێشینەیەك کە لە پاشڕەوی پڕۆ ڕوسیدا هەیان بوو، کردیانە پێشبڕکێ‌و باشترین پەناگەش گەڕانەوە بوو بۆ باوان؛ واتە ئەو شوێنەی کە لە بازار ئازاددا باشترین کڕیار بۆ بەرهەمیان مسۆگەر دەکات، کە ژێر دەواری ڕەشی ناسیونالیزم بوو.

هونەرمەندانێك کە تا ئەو کات بە خۆ هەڵواسینیان بە دونیای خەون‌و ئارەزووی چەوساوانەوە توانیبوویان بە سود وەرگرتن لە میراتی جیهانی چەوساوەکان چەند بەرهەمێکی نوێ بخوڵقێنن‌و سەرنجی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆیان ڕاکێشن، کە لەڕاستیشدا ئەودەم ئەو بەرهەمانە جۆشدەرو هەڵخرێنەر بوون، ئیتر پاش توانەوەی قیبلەگایان (بلۆکی ڕوسی)و زاڵبوونی نەزمی کۆنی بازار ئازاد لە دونیادا، پشتیان لەو خەونانە کرد کە خۆیان پێوە هەڵواسیبووو کەوتنە بالۆرە وێژی‌و بیانوو هێنانەوە بۆ هەڵوێست گۆڕینیان. هەندێك کڕکەوتن‌و هەندێکیش کەوتنە زیندوو کردنەوەی هونەری سەردەم بەسەرچووی دەرەبەگایەتی لەژێر نێونیشانی پاراستنی بۆلکلۆردا، بۆ ئەوانەی کە هەر لەسەرەتاوە ئەم ڕێبازەیان گرتۆتەبەر جێگەی لۆمەکردن نییە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە ڕۆژانێك شێوازێکی هونەری نوێ‌و هاوچەرخیان گرتبووە بەرو خۆیان بە پێشئاهەنگی هونەرێکی جیاواز لە هونەری زاڵ‌و باو دەناساند، کارێکی سانا نییە، گەر بەڵگەی سەلمێنراو بۆ هەڵوێست گۆڕینیان نەهێننەوە.

هەرچەندە ئەم هونەرمەندانە لە بنەڕەتدا تەنیا پۆشەری ئەو دێوجامە بوون کە خودی بلۆکی تێکشکاوی

سەرماەدیەداری دەوڵەتی پێوە دەناسێنرا، بەڵام ئەگەر بە هەڵوێستو تێڕوانینو خەونی ئەوانەدا بچینەوە کە جۆشخواردوی ئەو هونەرە باوە بوون،

ئەوا پێناسەیەکی جیاواز بۆ پرسەکان لەوەی کە ئێستا لە سای بازار ئازاددا دەخرێتەڕو هەیان بووو لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەختکرد.

پاش شکستی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە لەلایەن پارتە بۆرژوازییەکانی کوردەوە بە پیلانی نەزمی کۆنی سەرمایەوە، تازە دەسەڵاتداران هەر زوو کەوتنە خۆو شوێن پێی دەسەڵاتدارانی کۆنیان گرتەوەو هونەرمەندو ئەدیبە پاشڕەوەکانیشیان کەوتنە لاسایی کردنەوەی هونەرمەندو ئەدیبە بەعسییەکانو کەوتنە حەمدو سەناو ڕازاندنەوەی ڕوخساری دزێوی سەرکوتگەرانی جەماوەر، لە هێندێکەوە بۆ هێندێکی‌تر هەڵگرتنی ئەم هەڵوێستە کەوتە زوو درەنگی، ئەویش لەژێر کارایی ڕاپەڕینی جەماوەری‌دا، بەتایبەت ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ ئەندامی ئەو پارتانە نەبوون یان لە دەرەوە دەژیانو گەردەلولی بازار ئازاد بەرەو ئەو هەوارگە نوێیە هەڵیگرتبوون، پەردە هەڵماڵین لەسەر هەڵوێستیان هاوکاتی نیشتنەوەو تەواو پاشەکشێ کردن بوو بە دوا شەپۆلەکانی ڕاپەڕین.

ئەمڕۆژانە بواری هونەریش، وەك بەشێك لە پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەی دەسەڵاتداران لە هەرکاتێکی‌تر بۆ بەلاڕێدا بردنی سەرنجی جەماوەرو فریودانیان، پەنای بۆ براوەو ڕۆژانە گفتوگۆو سیناریۆی ڕیاکارانە بۆ ئەو مەبەستە ساز دەدرێنو دەکرێنە هەوێنی سەرکوتکردنی هەر جۆرە نارەزایەتییەکی قوربانیانی شەڕەکان بەتایبەت شەڕو ئاشی چەند ساڵەی میری سۆرانو میری بارزان. یەکێك لەو سیناریۆیانە بانگهێشتی ناسری ڕەزازیو هاوسەرەکەیەتی کە لە زۆر ڕووەوە بۆ دەسەڵاتدارانی سۆران بەمەبەست هەڵبژێردراوە.

هونەرمەندان ناسرو مەرزیە بەتایبەت ناسر کە لە دەهەی حەفتاکانو هەشتاکاندا خاوەنی چەندین سرودی جۆشدەرانەو هەڵخرێنەرانەی شۆڕشگێڕی بووەو چەندین کارگەرو زەحمەتکێشی کورد لەژێر کاراییاندا گیانی خۆیان لەڕیزی هەندێ لایەندا بەختکردووە، هەرچەندە خەونی ئەم مرۆڤە بەرزانە بۆ خودی ئەو لایەنانە تەنیا دێوجامەیەك بووە بۆ فریودانیان* . هەروەها هەردووکیان لە دایکبووی کوردستانی ئێرانن‌و ئەوڕۆکەش بە تایبەت مەرزیە خاوەنی جەماوەری خۆیەتی لەناو ئاوارەو پەنابەرانی ئەوروپادا لەبەر ئەوەی کە توانیویەتی پێچەوانەی ناسری ڕەزازی، چەند بەرهەمی نوێ پێشکەش بکات. لەولاشەوە چەند ساڵێك لە کوردستانی عیراقدا بەتایبەت سلێمانی ژیاونو پێشتریش ناسری ڕەزازی وەك پێشینەی سیاسی لەسەر پەتی چەند پارت یاری کردووە.

دیارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانەی سەرەوە، لە ئەوڕۆکەدا بۆ دەسەڵاتدارانی سۆران، لە چەند لایەنو چەند گرنگی باشی دەبێت بەتایبەت ئەگەر چاوێك بە چاوپێکەوتنەکانی ناسرو مەرزیە دا بخشێنینەوە، کە لەچەند کەناڵی وەك ڕادیۆ ئامریکا، کوردسات، ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا کردوویانن، هۆی ئەم سیناریۆیانەمان بۆ دەردەکەوێت.

ناسری ڕەزازی لەبارەی ئازادییەوە دەڵێ (( ئەمەی لە کوردستان هەیە لە هیچ کوێ نەمبینیوە)) دیارە ناسر

مەبەستی لە میوانخانەو بارەگاکانی میری سۆرانە نەك كەلاوە نشینانی كوردستان نەك زیندانەكانی قەڵاچوارلان و ئاسایش !

یان ئەوەی کە باس لە فرە کۆڕگرتن لە سلێمانی دەکات، لەوە دەچێ کە ناسری ڕەزازی پێی وابێ کە لە ئێران و عیراق یان لە وڵاتانی تری بەدناودا کۆڕ ناگیرێت ! ئەو کۆڕانە ئەو دیونی کامانەن، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر میرانی سۆران و بارزان نەتوانن بە تەواوەتی وەك سەردەمی بەعسی لێبکەنەوە، ئەوە بەرهەمی ڕاپەڕینی جەماوەرە نەك بەرهەمی خەباتی چەكداری لە كەرەج و سەقزو ڕاژان !

لەوە دەچێ ئەندامێتی ئیفتخاری (پدك) بەقەد ئەم سیناریۆیەی (ینك) خێری تێدا نەبێ، بۆیە هونەرمەند کاڵاکەی بۆ ئەو گۆشەیەی بازار ئازاد بردووەو كەوتۆتە ڕازاندنەوەی ڕوخساری دزێوی سەرانی ئەو دەڤەرەو بە شان و باڵی هاوکارانی کۆماری ئیسلامیدا هەڵدەڵێ و داوا لە جەماوەری کارگەرو زەحمەتکێشی کوردستانی ئەمدیو ئەودیو دەکات تا دەستی خەباتکارانەمان بخەینە نێو دەستی خوێناوی کەسانێك کە تۆڕی تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی دەهێننە ناوچەکە تا هاوشارییانی خودی ناسرو مەرزیە تیرۆر بکەن، دەیەوێ بکوژانی هۆنەری شۆڕشگێرو کەلاوە نشین (بەکر عەلی) بکاتە قوی ئازادی و پێمان بڵێ لە سای سەری ئەم جەنابانەوە ئازادی هەیە . ئێمە دڵنیاین کە ئەم هونەرمەندانە مەبەستیان لە کامە ئازادییەو چ تێڕوانینێکیان بۆ ئازادی هەیە، ئەگەر مەبەستیان لە ئازادی دیموکراسییە ئەوا ئێمەش نکۆڵی لەوە ناکەین و لە کوێ سەروەر هەبێ دیموکراسیش هەیە، بەڵام ئەگەر مەبەستی لە ئازادی ئەوەیە کە ئێمەی چەوساوە لێتێدەگەین، ئەوا بێگومان خۆڵ دەکاتە چاومان !

خۆ ئەگەر ئەم هونەرمەندانە وەك سەردانی و چالاکییەکی ئاسایی هونەری بە خۆیان بچوونایەو نەكەوتنایەتە پڕوپاگەندەی فریودەرانەو چەواشەکاری، ئەوا هیچ کات نەدەبووە جێی ڕەخنە، چونکە پەتپەتێنی هونەرمەندانی ناسیونالیست بەتایبەت خودی ناسری ڕەزازی بۆ هیچ کەس سەرسوڕهێنەر نییەو کەسیش لۆمەیان لێناکات.

خۆ ئەگەر هونەرمەندانێکی شۆڕشگێڕ ڕویان لەو دەڤەرە بنایە، ئەوا لانیکەم گشت لایەکمان چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکردن، لە سەنگەری و هونەری و بەهۆی بەرهەم و داهێنانیانەوە ئەم پرسگەلەیان لە بیروهۆشی جەماوەردا دروست بکردایە؛ کە بۆچ ئازیزانمان خۆیان بەکوشت دا، بۆ ( بەکوردی کردنی دەزگەی ئەمن، بۆ گۆڕینی پۆشاکی جەلادەکان، بۆ زیادکردنی ژمارەی پرسگەکان، بۆ زیندوکردنەوەی ڕیسا ڕزیوەکانی دەرەبەگایەتی ؟ ) ! بۆچ ئازیزانمان لە شەڕی چەندین ساڵەی لابەلایدا بەکوشت دران، لەپێناو چی ؟ شەڕ لەپێناو چی، شەڕ لە پای چی، ئەی ئاشتی لە سەر چی ؟

ئایا ئەمەی ئەم هونەرمەندانە لەم سیناریۆیانەدا پێیهەڵدەستن، خواستی ئەو ئازیزانەیە کە ڕۆژگارێك لە پێناویدا زیندانی کران، دورخرانەوە، کوژران و سوتێنران ؟ ئایا ئەمە پەیامی هونەرە بۆ مرۆڤایەتی ؟

هونەرمەندانێك کە شوناسنامەیەکیان بۆ خۆیان دانەناوە، هەردەم لەپێناو ناو ناوبانگ و بەرژەوەندی تایبەتیدا، لایان ئاساییە کە ئەگەر پرسە بەرزو جەماوەرییەکان لە سەوداو مامەڵەیەکدا لەبەرامبەر هەندێ

دەستکەوتی کاتی و خۆیی بگۆڕنەوە، ئیتر گرنگ نییە، کڕیار کێیەو کامە ڕابوردووی هەیە. ئەگەر کەمێکیش لە ڕابووردوی نزیکی نەك زۆر دوری ناسری ڕەزازی بکۆڵینەوە ئەم ڕاستیەی سەرەوەمان بۆ دەردەکەوێت. هونەرمەند ناسر ڕەزازی پاش دەرچوونی لە ڕیزی کۆمەڵە خۆی هاویشتە باوەشی (حدکا)، کەس لاری لەوە نییە کە بۆ وازی لە کۆمەڵە هێنا، بەڵام پرسیار لەوەدایە کە کۆمەڵە ئەوە نەبووبێ کە شیاوی سرودەکانی ناسر بێت، لانیکەم دەبوو لە شتێك واوەتر لە کۆمەڵە بگەڕایە نەك گەڕانەوەی چەند دەهە لە ڕووی سیاسی و هونەرییەوە. کە واز لە (حدکا) دێنێ خۆی دەهاوێتە باوەشی (پدکع)، لە گشتی سەرنجڕاکێشتر ئەمەیە، ئاخۆ لەبەر ئەوەیە کە پارتی ناوبراو ڕاستەوخۆ دەستی لە کوشتنی پۆلە چەکدارەکانی (حدکا) لە درژلی ساڵی ١٩٧٩هەیەو لە ڕێگەی ئەندامێتی ئیفتیخارییەوە دەیەوێ ئیفتیخاری نۆکەرایەتی (پدکع)ی بۆ کۆماری ئیسلامی پێببڕێ ! **

ئێستاکەش پاش چوار ساڵ شەڕی ناوخۆو کوشتنی چەندین هەڵاتووی ئیرانی بە هاوکاری میرانی کوردستان، بە دەربڕینەکانی، خۆی دەهاوێتە باوەشی میری سۆران، لەوە دەچێ هونەرمەند شەیدای بۆنی باروتی جەندرمەکان بێت کە هێشتاکە لە کێوو دۆڵکانی کوردستاندا مرۆڤ کوێر دەکات!

زۆر جێی خۆشحاڵی دەبوو کە هونەرمەندان لەم ڕۆژانەدا بچوونایەتە کوردستان چ لە خۆوەو چ بە میوانداری پارتەکان و میرەکان، بەڵام بەمەرجێ بچوونایە کەمێك حەزو خۆزگەی چەوساوەکانیان ببزواندایە کە چەند ساڵە لە سایەی شەڕو ئابلۆقەو سەرکوت و گاڵەگاڵی مینبەری مزگەوتەکانەوە خەریکە ژەنگ دەیان ڕزێنێ، نەك ئەوەی کە وەك گەشتی سیاسی و پڕوپاگەندەیی بۆ دەسەڵاتداران بچنە وێندەرێ و هێندەی‌تر خۆڵ بکەنە چاویان، لەڕێگەی کارییەك کە بەهۆی توانایی هونەری و دەنگخۆشی و خوشەویستی پێشتوتریانەوە کە دەیان وت : هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان یان کە دەیوت ڕەنجدەرین تێکۆشەرین بۆ قەڵای سەرمایەدار تێکدەرین

شێرکۆ بێکەس توانی پاش ساڵانێکی دورودرێژو لە پاڵ نەفرەتی جەماوەردا بۆ دژەخونی سەرکردایەتی پارتی، حاشا لەو هەڵبەستانەی بکات کە بە باڵای بەرزانیدا وتبوونی، لەبەر ئەوەی کە ئێستاکەش بەهۆی نەخوێندەواری و دەستنەکەوتنی زۆربەی کارگەران و زەحمەتکێشان نەیان خوێندونەتەوە، بەڵام هونەرمەند ناسری ڕەزازی ناتوانێ بەو ئاسانییە حاشا لەو سرودانە بکات یان بیانگۆڕێت لەبری ئەوەی کە وتویەتی:

ڕەنجدەرین تێکۆشەرین
بۆ قەڵای سەرمایەدار
تێکدەرین ڕوخێنەرین

ئێستاکە بڵێ :

مشەخۆرین سەروەرین
بۆ فریودانی چەوساوان
فریودەرین شێوێنەرین

هونەرمەند ناسری ڕەزازی ناتوانێ ئەم کارە وا بە ئاسانی وەك شێرکۆ بێکەس بکاو وەك بازی بانـان بـۆی دەرچێ، وەك نە بای دیبێ و نە باران، ئاخر هیچ ماڵە زەحمەتکێشێك نییە، ئەو سرودانە سەریان بە ماڵیاندا نەکردبێ. ئەمە بۆ هونەرمەندێك یان ئەدیبێك کە مەبەستی بێ جەماوەری کێن و خوازیاری چین لێی، ئەوەی پێشکەشی دەکا چییەو بۆ کێ دەبێ، کامە شێواز لە کارکردن، کامە بڵنگۆ تد، ئەمە کارێکی ئاسان نییەو لانیکەم هەوڵدەدات کە پاساوی لۆژیکی و شتی ئاوەز پەسەند بخاتە ڕوو.

هەروەها بەداخەوە لەکاتێکدا کە ژمارەی ئەو ژنانەی کە لـە گۆشەکانی نێومالْ بە مانای وشە هاتوونەتە دەرەوە، بـە پەنجـەکانی دەسـت دەژمـێردرێن و ژنـانی حەسـرەت دیـدەو کـۆت و بـەندکراو بـە یاسـاو ڕێسـا ڕزیوەکان بەچاوێکی ڕێزەوە دەڕواننە کەسایەتی ئەم ژنانەی کە سنووکانیان بەزاندوون و چاوەڕوانیان لێیان هەیە کە دەنگیان ببێتە بڵندگۆی خەون و ئارەزووەکانیان، کەچی هونەرمەندی بە توانای وەك مەرزیە خانم لەبری ئەوەی کە بەو دەنگە موزیکییە ناسکە پڕ هەستەی سکاڵای ژنانی ژێر بەزەیی دەمەچەقۆی کوڵی ڕێسا خەواڵووەکان بچڕێنێ، دەکەوێتە حەمدو سەنا بۆ ئەو بارودۆخە تاوەکو هۆگرانی دەنگە ناسکەکەی لاسایی بکەنەوە. بڵێی هونەرمەند مەرزیە خانم تاوانی داگیرکردنی سەنتەری پارێزگاری لە ژنان و هێرش بۆ سەر بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان و تیرۆری هاوشارییەکانی خۆی نەبیستبێ ؟!

با وایدانێین کە لەبەر ئەوەی کە هونەرمەند خۆی بە کوردستانی دەزانێ و ناچار کوێرانە ڕوخساری سەرکوتگەرانی جەماوەر لەو بەشەی کوردستاندا بە دادپەروەری دەڕازێنێتەوەو دەیانکاتە قوی ئازادی ژنان و چەوساوانی کوردستان، ئەی لە خۆی نەپرسیوە گەر کوردستان هی جەماوەری کوردە بۆچ کوردی مەریوان دەبێ گومرگ بدات تا ڕێگەی بدەن بێتە پێنجوێن و سولەیمانی، بەڵام لەهەمانکاتدا ئیتلاعاتێکی مەشهەدی و میتێکی ئیستانبولی، بێ شوناسنامە دێنە سولەیمانی و هاوشارییەکانی مەرزیەی هونەرمەند تیرۆر دەکان ؟!

وەك گەورەکانمان لە وەرسبووندا پێیان دەگوتین ((ڕۆڵە سەد خۆزگە بەوەی کە تۆش نەبوویتایە)) هەروا سەد خۆزگە بەوەی کە مەرزییە خانم تۆش لە کونجی ماڵدا بوویتایەو نەتوانیایە بەهۆی ئەو دەنگە خۆش و توانا هونەرییەوە خۆڵ بکەیتە چاوی جەماوەری ستەمدیدە بە تایبەت ژنانی چەندجار چەوساوەی کورد، لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان.

تەنیا ماوە بڵێین، هونەرمەندانێك کە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتیان ناتوانن هونەر وەك سەنگەرێك وەك چەکێکی خەباتکارانە بۆ خزمەتی جەماوەرو هاتنەدی خەونەکانیان بخەنەگەڕ، دەبا چیدی سوود لە سۆزو شەیدایی و هۆگری جەماوەر بۆ تواناییەکانیان بۆ فریودان و پەردەپۆشی تاوانی جەلادانی جەماوەر وەنەگرن و وەك کاری خۆیی خۆیان کار بکەن و لەژێر پەردەی ئاوات و خۆزگەی چەوساوەکاندا ویستە خۆپەرستییەکانی خۆیان نەشارنەوە .

دەبێ هونەرمەندان ئەوە بزانن کە جەماوەر لە کوردستانی عێراقدا کەم تا زۆر لە مانا و جیاوازی دیموکراسی کە دەسەڵاتداران باسی دەکەن و ئازادییەکی واقیعی کە خۆیان خوازیارنی دەزانن و بۆیان

دەرکەوتووە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە هۆگرانی دەنگ خۆشی ئەم دوو هاوسەرە هونەرمەندە لە دیوی ئێران کە نەفرەتیان لە سیاسەتی چەپەڵی دەسەڵاتدارانی ئەو دەڤەرە هەیەو نیشانیشیان داوە، مەبەست لەدەڤەری میری سۆرانە، بەهۆی شەیداییان بۆ دەنگیان بەو پڕوپاگەندانە فریو دەخۆن، کە دیارە مەبەستی سەرەکی میری ئەو دەڤەرە لە میواندار کردنیاندا هەر ئەمە بووە. بەڵام ئایا ئەم هونەرمەندانە لە خۆیان پرسیوە کە کاتێ جەماوەری ئەو دیو وەك دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی قەرەقوشی ئەم میرە، لە تاوانەکانیان بەخەبەر بوون، ڕێوشوێنی خۆیان چی بەسەر دێ‌و وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارگەلە چ دەبێ، کە بۆچ ئێمەتان فریودا، بۆچ ڕاستییەکانتان پەردەپۆش کردن‌و سەرکوت‌و داپڵۆساندتان لێکردینە ئازادی واقیعی؟

ئایا ئەم هونەرمەندو ئەدیبانە لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا چ دەڵێن، ئایا ئەو خەباتکارو گیانبەخت کردوانە کە بۆ ئازادی گیانیان بەختکرد، دەرکێکی هەڵەیان لە پرس‌و چارەسەرکانیان هەبووە یان ئەوڕۆ خودی ئەم هونەرمەندو ئەدیبانە دژەخونی لە خەون‌و ئارەزووی وان دەکەن‌و لەبازار ئازاددا خوێنیان بەفیڕۆ دەدەن؟!

* ئایا کەسانێک کە حەفتاکان‌و سەرەتای هەشتاکان لە ڕیزەکانی (کۆڕەک)دا گیانیان لەدەستدا، لەپێناو میرایەتی سۆران بوو ؟

** ئەگەر چی هونەرمەند ڕاستەوخۆ لەو پارتانەشدا ئەندام نەبووبێت، بەڵام پاشڕەوی سیاسەتەکانیان بووە.

# گرووپی " شانۆی بێ سنور "و هەوڵدان بۆ شکاندنی سنورەکان

ئامادەکردنی : **ئارام**

**" ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە تەنیا یەک ئاسمان ویەک زەوی هەیە، ئەویش بۆ هەموومانە"**

**ئەمە بڕواو ڕێگەی کارکردنی گرووپی " شانۆی بێ سنور"ە کە لە ساڵی١٩٩٤، لەشاری ئاپلدۆرنی هۆڵەندی، لەلایەن چەند هونەرمەندێکی شانۆیی کوردو هۆڵەندیو چەندین کەلتوری ترەوە دامەزراوە.**

**گروپ، هەوڵێكو ڕاگەیاندنێکی ترە لە دەیەها هەوڵەکانی ئەمڕۆ دژ بە سنورە دەستکردەکانی نێوان جوگرافیاکانو سنورەکانی نێو بیرو دەرونی مرۆڤ. لە ئەمڕۆی جەنجاڵێتی بازاری ئازادو بە مەکینەکردنی مرۆڤو سەرهەڵدانی سەدەها کێشەو گرفتی بێ کۆتایی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، گرووپی هونەرمەندێکی شانۆیی کوردو هۆڵەندیو چەندین کەلتوری ترەوە دامەزراوە.**

**گروپ، هەوڵێكو ڕاگەیاندنێکی ترە لە دەیەها هەوڵەکانی ئەمڕۆ دژ بە سنورە دەستکردەکانی نێوان جوگرافیاکانو سنورەکانی نێو بیرو دەرونی مرۆڤ. لە ئەمڕۆی جەنجاڵێتی بازاری ئازادو بە مەکینەکردنی مرۆڤو سەرهەڵدانی سەدەها کێشەو گرفتی بێ کۆتایی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، گرووپی " *شانۆی بێ سنور* " ڕاگەیاندنی بێ سنوری خۆیان داوەو لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانیانەوە هەوڵی دەرخستنو باسکردنو چارەسەری کێشکانی مرۆڤ ئەدەن وەك تاكو وەکو کۆمەڵگە ئەمەش لە ڕێگەی زمانێکی سادەو تەکنیکێکی کەمو توانای هونەری بەرزو هەوڵو خۆبەخت کردنێکی زۆرەوە، ئەو نامانەی پێیانە بە جەماوەری دەگەیەنن.**

**گرووپی " *شانۆی بێ سنور* "، کە بە گرووپێکی هەمە کەلتوری یاخود ڕێکخراوێکی شانۆیی هەمەکەلتوری ناسراوە، لە دەیەها ئەندامو دوبەش پێکهاتووە. ژمارەی ئەندامانی کە زیاد لە ١٠٠ ئەندام ئەبێ، لە زۆربەی زۆری کەلتورە جیاوازەکانی دونیاوە هاتوون. هەموویان هاوستانو بەیەك دەستو گیانی یارمەتی کارەکانی گروپ ئەنجام ئەدەن لە گشت بوارەکاندا کە هەر گرووپێکی هونەری پێویستی پێیەتی. بێگومان جگە لە کاری هونەری شانۆ، بڕوای بێ سنوریو گفتوگۆو تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکتر ئەندامانی گروپ لە یەکتر کۆدەکاتەوەو بە یەکیانەوە دەبەستێ.**

**بەر لە گشت کارێکی هونەریيان، گشت ئەندامان کۆ دەبنەوەو لەسەر زەمینەی پێشکەش کردنی کارەکەیان، کە پلاتفۆرمی نمایشی شانۆیە، گشت ئەندامان بازنەیەك دروست دەکەنو خواستی ئەنجامدانی کارێکی پڕ ماناو باش بۆ یەکتر دەخوازن. ئەمەش دەرئەنجامی شکاندنی سنورەکانی نێو دەرونی خۆیانە وەك گروپ، پاشان پێشکەش کردنی کارەکەیان کەبڕواکەیانە. ژمارە زۆری ئەندامانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای بێ**

سنورییان، تەنانەت دەرگای گروپ ئاوەڵایە بۆ گشت هونەرمەندێ کە بیەوێت لەژێر سایەی بێ سنوریدا کار بکات دور لە ڕەگەزو جوگرافیاو سنورە دەستکردەکانی‌تر.

گروپ لە بەشی کاری شانۆییو بەشی مۆسیقا پێکهاتووە، کە بە تێکهەڵکێشی کردنێکی زیرەکانە لە نێوان هەردوو بەشەکەدا توانیویانە مەبەستی بێ سنوری خۆیان بپێکن. زۆربەی ئەندامانیان کە خەریکی کاری شانۆین هاوکاتیش خەریکی کاری مۆسیقین، بە واتای ئەوەی لە بواری هەردوو کارە هونەرییەکەدا شارەزاییان هەیە.

هەروەك چۆن دەتوانرێ لە ڕێگەی کارە شانۆییەکانەوە ئەو ببینرێ، کە هەمە جۆری کەلتورو زمانو شێوازی بیرکردنەوەی ئەندامان کراوەتە یەك جەستەو بیر بە مەبەستی بێ سنوری، بە هەمان شێوە کارە مۆسیقیەکانیش هەمان بیروڕا دەگەیێنن. بە تێکەڵکردنی چەندین ئازارو کاری مۆسیقی کەڵتورەکانی دونیا، ئەو نامەیە بە گوێگر دەگەیێنن کە جیاوازی لە نێوان کارە بەرزە هونەرییەکانی مرۆڤدا نییە، ئیدی لە هەر شوێنێ بێت.

کارە هونەرییەکانی گروپ، بۆ یەك تەمەنی دیاری کراو نین، بە واتایەکی‌تر بینەری کارە هونەرییەکان بە هەردوو بەشەکەیەوە تەمەنێکی دیاریکراویان نییە. هەر بۆیە گروپ کاری تایبەتی بۆ منداڵان هەیەو لە ئاهەنگە مۆسیقی –یەکاندا بەژدارنو تەنانەت کاری تایبەتیشیان بۆ مرۆڤە **"هاندیکە پە"**ەکان هەیە، کە ئەمانیش بەشێکن لە کۆمەڵگە.

ئەوەی جێی سەرنجە کە گروپی ***" شانۆی بێ سنور "*** لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستا لە لایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی هۆڵەندییەوە هیچ یارمەتیەك نەدراوە. بەمەرجێ کە چەندین دامودەزگای یارمەتیدانی کارە هونەرییەکان لەم وڵاتەدا هەن. ڕەنگە هەندێ یارمەتی سادە درابن بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی نەبووە. ئیتر هۆی ئەم یارمەتی نەدانەش؛ ئایا بە هۆی بیرو نێوەڕۆکی ***" شانۆی بێ سنور "ە*** یاخود هەروەك ئەندامانی گروپ دەڵێن (( بەهۆی بیروکراسییەتی دەوڵەتەوەیە)). ئەمە تاوەکو ئێستا نەزانراوە. ئەوەی زانراوبێ کە یارمەتی نەدانی ڕاستەوخۆی گروپ نەبۆتە ڕێگرێ لەبەردەم هەوڵو کۆششی ئەندامانی لەپێناو بە ئەنجام گەیاندنی کارەکانیانو وەدیهێنانی خەونەکانیان.

## بێ سنوری بۆ ؟

جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەداری لە مێژەوە، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی جوگرافیاکانو ڕەگەزو ڕەنگی پێستو ڕادەی دەرامەتو ئاینو چەندین ئایدیۆلۆژیای جیاوەزەوە، لە هەوڵدایە بۆ خانەکردنو دابەشکردنی مرۆڤەکانی سەرزەوی بۆ چەندین بەش. ئەمەش بە مەبەستی سودو قازانج وەرگرتنی زیاتر لە هێزی بازوو مێشکی مرۆڤ بۆ زیاتر گردانی ڕەوڕەوەی کەڵەکە کردنی سەرمایە.

لە هەمان کاتیشدا جیهانی سەرمایەداری بانگهێشتی گلۆبەلیزمو شکاندنی سنوری نێوان بازارەکانو یەك بازاری ئازادو بەیەك جار بە ئامێرکردنی مرۆڤایەتی لە ئارادایە. لێرەوە پرسیاری جیاوازی نێوان بێ سنوری سەرمایەداریو بێ سنوری گروپ دێتە کایەوەو ئایا مەبەستو جیاوازییان چییە ؟

لەوەڵامدا، ( **ڕزگاری حسامی** ) دەرهێنەرو ئەکتەر لە گرووپی **"شانۆی بێ سنور** " دەڵێ :

(( بێگومان بیٚ سنوری ئێمە لە بێسنوری ئەمرۆی بازاری ئازاد جیاوازە ـ بیٚ سنوری ئێمە بەگژاچوونی دونیایەکە کە پڕە لە شەڕو گرفتو چەوساندنەوە بۆ مرۆڤ، بێ سنوری ئێمە دژی دونیای ئەمرۆی پێشێلکردنی مانای بونی مرۆڤە وەك مرۆڤ ـ دژی دونیاییەك کە هەڵساوە بە دروستکردنی تازەترین تەکنۆلۆژیایاکان کە بۆنەتە مایەی نەهامەتی مرۆڤ نەك خزمەت کردنی. تەنانەت مەبەستی بێ سنوری ئێمەش جیاوازە، مەبەستی ئێمە کارکردنە بۆ وەدیهێنانی دونیایەکی بێ کێشەو بەختەوە بۆ گشت مرۆڤ بێ جیاوازی، ئەمەش لە ڕێگەی کارکردنمان بۆ ئەم مەبەستە.))

( **باکۆ سۆرانی** ) دەرهێنەرو ئەکتەر لە گروپ لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێ :

(( بێ سنوری ئێمە هەوڵدانێكو بانگەوازێکە بۆ گشت لایەك کە بێ سنور لە یەکتر تێدەگەن، لەڕێگەی گۆڕینەوەی بیروڕاو گفتوگۆکردن. مەبەستی ئێمەش خزمەتکردنی مرۆڤو ڕۆڵ گێڕانە لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە، ئیتر هەر چۆنێ بێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە خزمەتی مرۆڤ بکریێ. ڕاستە ئەمڕۆ سنوری ئابوری نەماوەو تەکنۆلۆژیا سنورەکانی بڕیوە، بەڵام پەیوەندی زیندوو ڕاستەوخۆی هونەر بە مرۆڤەوە بێ سنورترە لەوانی ترو پەیوەندییەکە بەمەبەستی خزمەتکردن.))

لەبارەی ئەم خاڵە ( **شارۆن ڕۆزنخاتر** ) ئەکتەر لە گروپدا دەڵێ:

(( بێ سنوری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی سەرەتای دروستبونی کێشەکە؛ ئەویش باش تێگەیشتنی کەلتورەکانە لە یەکتر. من پێموایە تەنیا چارەی ئەم کێشەیە لە یەکتر نزیکبونەوەو گفتوگۆیە لەگەڵ یەکتر. بەم ڕێگەیە دەتوانین لە هەستو بونی یەکتر تێبگەینو بێگرفت بەیەکەوە بژین، ئەمەش ئەو کارەیە کە وەك گروپ پێی هەستاوین " تێگەیشتن لە یەکتر" .))

## جەماوەری شانۆ لەبەر فراوانیبازاری ئازاددا

بێگومان وەدیهێنانی خەونەکانی گروپی " **شانۆی بێ سنور**"و کاری دراما لە ئەمڕۆی جەنجاڵێتی بازاری هونەریو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی کردنو پەخشکردن کە بۆتە هۆی بەرفراوانی کاری سینەماییو تەلەفزیۆنی ئاسان نییە، ئەمەش بۆتە بەرزبونەوەی ڕادەی جەماوەری ئەم کارانەو جۆراوجۆریەتی ئاهەنگە هونەرییەکان، کە بە ملیۆنەها جەماوەیان هەیە. جگە لەوەی کە ئەمانە هەموو کاری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر جەماوەر بەڕادەیەك کە ژیانی مرۆڤەکانیش جەنجاڵو جۆراوجۆر بووەو مەودای بیرکردنەوەو ڕۆشنبیر بونیان لێ زەوتکراوە. لە گەورەییو بەرفراوانی بازاری ئازاددا جەماوەری شانۆ لە چ ڕادەیەکدایەو گەیشتوە بەکوێ؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ( **ئاراس حامید** ) ئەندامی بەشی مۆسیقا لە گروپی شانۆی بێ سنور دەڵێ :

(( هەوڵی ئێمە تاقانە نییە، چەندین هەوڵی بێ سنوری تریش هەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە جەماوەری بێ سنور زۆرە، کارە مۆسیقیو شانۆییەکانی گروپ هێنانەوەی فەرمانی هونەرە بۆ مەیدانی ژیان. فەرمانی هونەریش کارکردنە لەسەر بیرو هۆشی جەماوەر. زۆربەی کارە هونەرییەکانو مۆسیقییەکانی ئەمڕۆ بەشێکە

لە ڕامیاری کاپیتالیزم بۆ بێهۆش کردنی کۆمەڵگەو ئەندامەکانی و دورخستنەوەیان لە بیرکردنەوە لەو کێشەو گرفتانەی کە هەن. من ناڵێم جەماوەری کارەکانمان زۆرە، بەڵام دڵنیام لەوەی بێ سنوری جەماوەری خۆی هەیە لە گشت شوێنێ. ڕێگەیەکی درێژمان لەبەردەمدایەو بەردەوام دەبێن بە پاڵپشتی جەماوەری کارەکانمان.))

هەروەها " **شارۆن رۆزنخاتر**" سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ :

(( ڕادەی جەماوەر لە کاری هونەری خۆیدا دەبینم. مادام خەڵکی هەن کە خەریکی کاری هونەری بن بە مەبەستی خزمەتو سودگەیاندن، بێگومان ئەم کارانە جەماوەری خۆشی دەبێت. ڕادەی جەماوەریش پەیوەستە بە ڕادەی سەرکەوتویی و مەبەستی کارەکەوە. دەرئەنجامیشی لە داهاتودا دەبینین.))

سەبارەت بەم خاڵە (**باکۆ سۆرانی**) دەڵێ :

(( بەر لە گشت شتێ دەبێ ئەوە لەیاد نەکەین کە شانۆ خاوەنی مێژووی درێژی دوو هەزار ساڵەی خۆیەتی. سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و جۆراوجۆریەتی کارە هونەری و جەماوەرەکانیان، بە ڕای من شانۆ پەیوەندییەکی پڕ ژیانو زیندوو ڕاستەوخۆی هەیە بە بینەرەوە. پەیوەندیەك کە لەگەڵ هەستو ویژدانو بیرەوەرییەکانی بینەر لەو کاتەدا کە ئاوێتە دەبنو بەرەو شوێنێکی دەبەن. ڕاستە ئەمڕۆ جەماوەری هونەرەکانیتر کە هەن زیاترن، ڕاستە کە ئەرکمان زۆرەو ڕێگەکەشمان ئاسان نییە، بەڵام ئێمە هەوڵی خۆمان ئەدەین بۆ وەدیهێنانی خەونەکانمان. ئێمەی ئەندامانی گروپ زۆرجار وا هەست دەکەین کە خەونی بێ سنوری ئەبینین، ئەم خەونە گەر بۆ خۆشمان نەیەتەدی ئەوا بەهیوام بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بێت. گرفتەکانی ڕێگەمان گرنگ نین، گرنگ بڕینی ڕێگەیە.))

هەروەها (**ڕزگاری حیسامی**) سەبارەت بە جەماوەری کاری شانۆیی دەڵێ :

(( من پێم وانییە لەم گەرمەو کێشەیەی ئەمڕۆ شانۆ جەماوەری خۆی لە دەستدابێ. نێوەڕۆکی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بیری جوان، گەر تۆ بیرێکی جوانت هەبێ و بتوانی لە ڕێگەی کارە شانۆییەکەتەوە بیگەیەنیت بە بینەر، ئەوکات بینەرو جەماوەر پابەست دەبن بە بیرۆکە جوانەکەی کە لە شانۆکەدایە. لەلایەکی ترەوە جەماوەری شانۆ پابەستە بەو پرسیارەی کە لەچەند ڕێگەیەکەوە دێتە بەردەم کاری هونەری ئەویش :

( بۆ دەبێ جەماوەر بێت بۆ بینینی کارە هونەرییەکەی تۆ؟)

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش لە ڕێگەی کارە هونەرییەکەوە دەدرێتەوە، ئەویش بەوەی کە تاوەکو چ ڕادەیەك دەتوانیت بکەویتە بانگ هێشو گفتوگۆ لەگەڵ بینەرو بیروڕای خۆتی پێبگەیەنیت.

بەم شێوەیە جەماوەری شانۆ هەردەم دەمێنێتەوەو دەتوانرێ کاریان تێ بکرێ بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەرهەمی داهاتو، هەروەها لەبەر ئەوەی شانۆ مێژوویەکی کۆنو درێژی هەیە، بڕوام وایە داهاتویەکی درێژیشی دەبێت.))

# کاریهونەریوکاردانەوەی
# لەسەر جەماوەر

هەڵبەتە بۆ دۆزینەوەی جیاوازیەکی بەرچاوو ئاشکرا، هەروەها سەلماندنی ئەم جیاوازییە لە نێوان دارمانی یەك لە دوای یەکی سنورەکان بە خزمەتی بازاری سەرمایەو بانگ هێشی بێ سنوری گروپ؛ ئەندامانی گروپ هەر لە سەرەتاوە، هەوڵی بێوچان ئەدەن لە ڕێگەی کارەکانیانەوە بۆ ئەوەی مەبەستو ئەرکی هونەر ئاشکرابێ ئەویش هونەر لە پێناو خزمەتی کۆمەڵگە. سەرجەمی کارەکان باس لە نێوەڕۆکی گرفتەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دەکەن، مرۆڤ وەکو تاکو وەکو کۆ سەنتەری دەقە شانۆییەکانە. هونەری شانۆیی لای گروپ، ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەو دەرخستنی گرفتەکانی کۆمەڵگە، ڕێگەیەکە بۆ چارەسەری کێشەکان.

بێگومان لە گشت ئەو مەبەستانەی کە باسکران، مەبەستی سەرەکی گرنگە کە ڕادەی کاردانەوەی کارەکانە لەسەر بیرو هۆشی بینەرو جەماوەر. ئایا تا چ ڕادەیەك توانراوە کارە هونەرییەکان کاردانەوەیان لەسەر بینەر هەبێتو تا چ ڕادەیەك سنورەکانی ناخی بینەری شکاندوە ؟ دەبێت پێوانەیەك هەبێت بۆ زانینی ئەم کاردانەوەیە ؟

سەبارەت بەم خاڵە ( **کۆ ڤان ڕامسدۆنك Ko Van Raamsdonk**) ئەکتەرو ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە شاری ئەپلدرۆنی هۆڵەندی دەڵێ:

(( ئەوەندەی ئاگادار بم، لەڕێگەی ڕۆژنامەکانو شوێنە کەلتورییەکانی شاری ئەپلدرۆن، بە ڕادەیەکی باش، ناوی گروپی " شانۆی بێ سنور" هەیە. بێگومان ڕۆژنامەکان باس لە ناوەڕۆکی دەقە شانۆییەکانو هونەرمەندەکان ئەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەرهەمەکانی گروپ بەهەر پلەو ڕادەیەك بێ، کاریان کردۆتە سەر جەماوەری شانۆیی. گشت سەرەتایەکیش هەروا دەبێتو گروپ لەم ماوەیەدا بەلێهاتوییەوە توانیویەتی لەناو گروپەکانی تردا بونی هەبێ.))

هەروەها ( **باکۆ سۆرانی** ) سەبارەت بەم کارو کاردانەوەیە دەڵێ:

(( هەڵسوکەوتو گیانی یەکبونو کاری بێ سنوری گروپ، کە لە چالاکییەکانو بەرهەمەکاندا دەردەکەوێ، دیارە کە کارایی خۆی لەسەر بینەرو جەماوەری شانۆ هەبوە. جگە لەو گفتوگۆیانەی کە پاش هەرکارێك لەنێوان ئێمەو جەماوەر لەسەر دەقە شانۆییەکە دەکرێ، دەکرێ مێدیا بە گشت بەشەکانیەوە لەم وڵاتەدا ڕەچاو بکرێ کە باس لە بەرهەمو چالاکییەکانی گروپ دەکات. هەروەها لێرە نازناوی " **گفتوگۆ بێ سنورەکان** " دراوە پێمان، ئەمەش دەتوانرێ بکرێ بە پێوەرێ بۆ زانینی ڕادەی گەیشتنی ئەو نامانەی کە دەمانەوێ بە بینەریان بگەیەنین. دەکرێ بڵێم لەبەر ئەوەی کە گفتوگۆ لەسەر دەقە شانۆییەکان هەیە، کە کێشەکانی ئەمڕۆ باس دەکا مانای ئەوەیە کە کاردانەوەشی لەسەر بینەر هەیە.))

( **ئاراس حامید** ) دوپاتی کاردانەوە لەسەر جەماوەر بەم شێوەیە دەکاو دەڵێ :

(( ئەنجامی کارەکانی گروپو ڕادەی شکاندنی سنورە وەهمیەکانی مێشکی بینەر، لەسەر سوڕماندنی بینەر خۆیدا دەیبینم. بینەری کارە شانۆییەکانو کارە مۆسیقییەکان، کاتێ دەبینین ئەندامانی چەندین کەلتورێکی

جیاواز ، وەکو یەکەیەکی کامڵ‌و یەکگرتو کارێکی شانۆیی ئەنجام ئەدەن، بێ ئەوەی هیچ سنورێك‌و هیچ جیاوازییەك لە بیرکردنەوە ببنە ڕێگر. ئەم کۆبونەوە هونەرییە نیشانەی پرسیار لەسەر بونی سنورەکان دروست دەکات بەگشت شێوەکانییەوە، دروست بونی نیشانەی پرسیاریش گەر مانای شکاندنی سنورەکانی مێشکی بینەر نەگەیەنێ، ئەوا بەلایەنی کەمەوە مانای کاردانەوە دەگەیەنێت لەسەر بینەر.))

هەروەها ( **ڕزگار حیسامی** ) دەڵێ:

(( گرنگترین مەبەست لە کارەکاندا ئەوەیە: کە تاوەکو چ ڕادەیەك دەتوانین پرسیار لای بینەر دروست بکەین. بە درێژایی ئەم چەند ساڵەو لەگشت بەرهەمەکاندا دەتوانم بڵێم کە پرسیارمان لای بینەر دروستکردوە، ئەمەش بە ئەنجام‌و کاردانەوە دادەنرێ لەسەر بینەر. هەروەها ڕۆژنامەکان چەندین جار باس‌و شیکردنەوەیان لەسەر کارەکانمان کردوە‌و من ئەمە بە تەواوکاری کارەکانمان دەزانم. بە کورتی دەتوانم بڵێم کە بەڕادەیەکی باش توانیومانە سنورەکانی مێشکی بینەر بشکێنین‌و پرسیار لەسەر کێشەکانی ئەمڕۆ دروست بکەین.))

هەڵبەتە شکاندنی سنورە دەستکردەکانی نێو خودی مرۆڤ‌و دەرەوەی مرۆڤایەتی‌و کۆکردنەوەی گشت مرۆڤەکانی دونیا لە دەرەوەی خاڵی سەرەکی ململانێی ژیان کە ئەویش مرۆڤ بونە، کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی درێژ‌و سەخت لەبەردەم گشت بێ سنورانی ئەم دونیایەدایە کە هەوڵ ئەدەن بۆ وەدیهێنانی خەونەکانیان‌و دونیایەکی ئاسودەی بێ سنور کە تێیدا بژین. ململانێیەك کە مێردەزمەی زەبەلاحی سەرمایە لە سەنگەری دژ بە بێ سنورەکانە‌و تاکە هێزێ دژی ئەم زەبەلاحەش تەنیا ڕۆشنبیر بونە بەبونی ئەم زەبەلاحە‌و ڕاستگۆیی‌و خۆبەختکردنە.

ڕەنگە گۆڕینی واقیعی ئەمڕۆی ژیان چەندین ساڵی بوێت یاخود هەر نەگۆڕێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆشنبیر نەبین بەم واقیعەی ئەمڕۆ کە سیستەمی بازاری ئازاد بەڕێوەی دەبا.

لە مێژە ململانێ لە نێوان بێ سنوران‌و سیستەم بەردەوامە، لە مێژە دوکەڵی ئەم جەنگە ڕوی ئاسمانی گرتوە‌و چەندین قوربانی هەبوە، ئەم ململانێیە بەردەوامە بەڵام ئایا کۆتایی بە بێ سنوری‌و مرۆڤبونی مرۆڤ دەبێ یاخود بەسیستەمکردن‌و بە ئامێرکردنی ژیان‌و مرۆڤ کۆتایی دێت ؟

داهاتوی ئەم ململانێیە‌و ململانێکانی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو کوێ دەڕوا ؟. " **بەرەو کوێ ؟؟** " دوایـن پرسیارە کە گروپی شانۆیی بێ سنور، لە دوایـن بەرهەمیدا دەیخاتەڕو.

**ئایاری ٢٠٠١ هۆڵەندا**

## ڕوانگەی خوێنەران

Barezan pash sllaw Basha ba rast awa kai hunara la jilamoda bo rast narron awaw hamui siasata banawi hunarawa bllawi dakanawa khozga barewabarani jillamo bllawkrawaiaki trian habwaia bo -jueni siasi- , chonka juendan pewisi ba hunar nia ballam wa diara ka ewa har la bnchinada mabastakatan hunar nia ballku sisata kurdia juanakaia ewa tanha rasperrawn ka la jer nawi hunarda kari partaiati bkan tanha laianish nin ka am kara jwana dakan. kari hunari wa nabet bochi basha !

faraj mallo (( asos_1 ))

asos_1@yahoo.com

# لە سێ ساڵیدا ویستیان لە سێدارەم دەن

و. هەژێن

نازم حیکمەت لە نامەیەکدا کە لە زیندانەوە بۆ خوشکەکەی دەنێرێ، تێیدا دەنووسێت : ((دادگەر لە داوانامەکەیدا خوازیاری لە سێدارەدانی من بووە. وای بۆ دەچم گرفتێك لەم داوانامەدا نەبێت چونکە ئەو تاوانانەی کە دراونەتە پاڵ من بەهیچ جۆرێك پەیوەندیان بە منەوە نییە ))

دادگەیی بەیانیو دوانیوەڕۆ درێژەی دەبێت، پارێزەرەکەی نازم بە گیان و بەدڵ بەرگری لێدەکات و ئەو بەڵگانەی کە دادگەر بە پشت بەستن پێیان خوازیاری لە سێدارەدانی نازم بوو، ڕەتدەکرێنەوە، بەلاّم ئازادبوونی وی بەدەست نایێت. بەهەرحاڵ سزا دەدرێت : سەرەتا بە پێنج ساڵ زیندانی سزای دەدن. پاش داخوازی بەردانی، دادگەی ((بورسە)) بە چوار ساڵ کەمی دەکاتەوە کە بەسوود وەرگرتن لە یاسای لێبوردنی گشتی کە تاوانبارانی سیاسیش دەگرێتەوە سێ ساڵی بەر لێبوردن دەکەوێت بەم پێیە سزاکەی نازم یەك ساڵی دەمێنێتەوە. لەم کاتەدا نازم ساڵو نیوێکە کە لە زینداندایە. بەمجۆرە کاتێ کە ئازاد دەبێت، دەوڵەت شەش مانگ زیندانی قەرزاری ویەیە.

هەرجۆر بووە، نازم لە زیندان ئازاد دەبێت بەلاّم لەدەرەوەی زیندان نەیارانی وی، چینی خۆشگوزەرانو دەولەمەند، کۆنەپەرستانو لایەنگرانی دەوڵەتی زۆرو ملهوری نەیانهێشت ئاسوودە بێت، گشت دەرگەکان بەڕوویدا داخران. لە هیچ شوێنێك کاریان بە وی نەدا. کەسانێك کە نەیانتوانی بوو لە سێدارەی بدەن، ئێستاکە دەیانویست بە بێکاریو سەرگەردانیو دەربەدەری بێدەنگی کەن. بەلاّم لەگەڵ گشت ئەم فشارانەدا نازم نەك بێدەنگ نەکرا، بەڵکو زیاتر دەنگی دایەوەو سەراپای نەیارانی هێنایە لەرزین.

نازم بووە پڕ خوێنەرترین هۆنەرو نووسەری تورکییە. جەماوەر پەرتووکەکانیان هەروەك پەڕەی زێڕین دەبرد. چاپە یەك لەدوای یەکەکانیان بە خێرایی تەواو دەبوون. خاوەن ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دیتیان کە ناتوانن لەم کۆما پارەیە خۆیان دووربگرن بەلاّم لەهەمان کاتیشدا نابێت نازم لە ڕیزی خۆیاندا وەرگرن. لەبەر ئەوە پێشنیاری هاوکارییان خستەبەردەم. ئامادەبوون وتارو نووسینەکانی وی چاپ بکەنو لەبریان پارەیەکی کەمی بدەنێ. بەلاّم مەرجی سەرەکی ئەوەبوو کە ئەو واز لە ئیمزاکردنیان بەناوی ((نازم حیکمەت))ەوە بێنێو هەر ناوێك کە دەیەوێت لەژێر وتارو نووسینەکانیا دابنێت بێجگە لەناوی خۆی.

نازم ڕازی بوو. ئەویش مەرجێکی هەبوو : کە مافی بچووکترین ئالوگۆڕیان لە نووسینەکانیا نەبێت. نازم ماوەیەکی زۆر بەنازناوی ((ئورهان سەلیم))وە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا وتاری نووسی. ئەو ڕۆژانە نووسەرانی ڕۆشنبیری تورکیە هەوڵیان دەدا زمانی تورکی لە کۆتوبەندی وشەی ناقۆڵاو نەسازی عەرەبی کە زمانی نووسەرانو دارێژەرانی دەرباری ئیمپراتۆری عوسمانی بوو ڕزگار بکەن. کۆنەویژانو هۆنەرانی چینە خانەدانو خۆشگوزەرانەکان دژی ئەم ڕیچکەو شێوازە بوون بەلاّم نەوەی نوێی تورك دەیانویست بەوجۆرەی کە ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەرزەمینیاندا بنەوبارگەی کوێر بووەوە ئاوها زمانی ئالۆزو ناقۆلاّش کە بێجگە

لە ژمارەیەکی دیاریکراو بۆ کەسانیتر دەرك نەدەکراو بەگشتی لە زمانێکەوە کە خەڵکانی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەدا پێی دەدوان دوور بوو بخریتەلاوەو زمانی تورکی لەم وشە و دەربڕین گەلە سەیرو نامۆوچواندنەو بەکاربردنە بێجێیانە ڕزگار بێت. ناظم یەکێك لە پێڕەوانی ئەم ڕێچگەیە بوو. ئەو یەکێ لەو کەسانە بوو کە زمانی خەڵکی ئاسایی لە بری ئەو زمانە خانەدانیو دەربارییە بەکارهێناو لەم پێناوەدا هەوڵیداو پەخشانەکانی وی ڕوونیو باڵاییەکی تایبەتیان بەخۆوە گرت کە لەنێوان نووسەکانی تردا دەدرەوشایەوە : پەخشانی درەوشانەوەو هۆنراوەی درەوشاوەتر. لەبەر ئەوە بە هەر ناوو نیشانێك کە دەینووسی خەڵك لە توێی وشەی وتار یان هۆنراوەکانیدا، وتە جوانو درەوشاوەکانی ئەویان دەناسینەوەو لاوان تێدەکۆشان هەرچی زیاتر لاسایی وی بکەنەوەو ڕێگەیەك کە وی گرتبوویە بەر درێژەی پێبدەن.

لە ساڵی ١٩٣٦دا ناظم یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە نازناوی (( ئورهان سەلیم)) بە ناونیشانی (( خوێن قسان دەکات)) چاپو بڵاوکردەوە. لەم ڕۆمانەدا ناظم حیکمەت ئەو هەڵپەرستانەی کە لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی تورکیەدا لە جلوبەرگی نیشتمان پەروەریدا خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندبووو زالوئاسا خوێنیان مژیبوون، ناساندبووو ڕێگەی ڕزگاربوونی لەدەست ئەم ستەمکارە خوێخۆرانەی کە بەپێی ڕۆژ ڕەنگی خۆیان دەگۆڕی، نیشان دابوو. وی لەم ڕۆمانەدا هەوڵی دابوو بیسەلمێنێ کە لە بەرامبەر پەستیو گەندەڵیو ستەم ئەوە تەنیا خوێن نییە کە قسان دەکات بەڵکو هەستی مرۆڤێکە کە هاوار دەکات.

لە هەمان ساڵدا ناظم پەرتووکێکی تری بەناوی ((فاشیزمو ڕەگەزپەرستی)) چاپ کرد. ئەم بەرهەمە لایەنگرانی هیتلەرو ڕەگەزپەرستانی زۆر تورە کرد. چونکە ئەم کەسانە بەرەبەرە خەریکبوون خۆیان بۆ شەڕی جیهانی دووەم ئامادە دەکرد.

هەروەها لە هەمان ساڵدا ناظم لەگەڵ (( پیرایە)) هاوسەری کرد. پیرایە دووماڵەکەشی کە لە هاوسەری پێشووی بوون لەگەڵ خۆی هێنایە ماڵی ناظم. ئەمە سێیەمین هاوسەری ویو درێژترین ماوەی هاوسەری وی بوو. ژیان لەگەڵ پیرایەدا بیست ساڵ درێژەی کێشا بەڵام ئەم بیست ساڵە ناظم سیازدە ساڵی لە زینداندا بردەسەر. نامەکانی ناظم بۆ پیرایە کە زۆربەیان بە زمانی هۆنراوە بوون لە ئەدەبیاتی تورکدا ڕێوشوێنێکی گرنگیان هەیە.

بەمجۆرە ساڵی ١٩٣٨ هاتە پێشەوە. پانزەهەمین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری نزیك دەبووەوە. دونیا بە خێرایی بەرەو کارەساتی ترسناکی شەڕی جیهانی دووەم دەچووەپێش. لە هەموو شوێنێك بۆنی بارووت دەهات. ئەتاتورك لەجێدا کەوتبوو، هیوایەك بە زیندوو مانی نەمابووو دواڕۆژەکانی تەمەنی دەبردەسەر.

((عیسمەت ئینونو)) خەریکبوو خۆی بۆ دەوڵەت گرتنە دەست ئامادە دەکرد.

ناظم حیکمەتو ئازادی خوازانی تری تورك هەستیان بە مەترسییەك دەکرد، مەترسی لە پشت سەریانەوە بووو دەنگی پێیان دەبیست. ناظم ڕۆژبەڕۆژ چالاکی خۆی زیاد دەکرد. هاوەڵانی ئاگاداریان دەکردەوەو دوژمنانی پیلانیان بۆ دادەڕێژا بەڵام ئەو هەروا بێگوێدانە ئەم پرسانە سەرگەرمی کاری خۆی بووو ڕوو لە مۆسۆلینیو فاشیزمی فەرمانڕەوا بەسەر ئیتالیادا لەژێر ناونیشانی ((نامەگەلێك بۆ تارانتابابو)) پەرتووکێکی

نووسی و بڵاوی کردەوە :

(( تارانتابابو )) ژنێکی حەبەشی پێست ڕەشە. هاوسەرەکەی بۆ خوێندن چووەتە ئیتالیا بەڵام ماوەیەکی کورت فاشیستە بەڕەڵاکان ئەویش وەك زۆرێکی تر لە سێدارە دەدەن. بەڵام پێش مردن نامەگەلێکی بۆ هاوسەرەکەی تارنتابابو ناردووە :

(( **مۆسۆلینی، زۆربڵێیە، تارانتابابو !**
**هەروەك مناڵێ کە**
**تەنیای تەنیا**
**لە تاریکیدا بەڕەڵایان کردبێ** ))

ئەم پەرتووکە سیازدە نامەی بۆ تارانتابابو تێدایەو کە جوانترین وڕوانترین هۆنراوەی سیاسی نازم حیکمەتیان تێدایەو تێیاندا ڕوخساری ڕەشی فاشیزمی مۆسۆلینی بە شێوەیەکی ترسێنەر نوێندراوە.

ئەم هۆنراوەی خوارەوە یەکێکە لە جوانترینی ئەو نامانە :

(( **ئەوەی لە گەردنیا**
**زینێ لە دندانی شینی مەیمونی لەگەردندایە**
**ئەوەی وێنەی باڵداری لەژێر ئاسمانا**
**وەك ئاوی ڕەوانیش لەسەرزەوی ژیان ئەکا**
**چاوانی ئاوێنەی مسینی چاوانم**
**دایکی سێیەمین کوڕو پێنجەمین کچم**
**تارانتابابو!**
**دەرگەیەك نەما نەیکوتم**
**کۆڵان بە کۆڵان**
**ماڵ بە ماڵ**
**لە ڕۆما**
**لە دوی ڕوما گەڕام**.))

پاسەواندراردا، دەمێنێتەوە. دیداری بۆ نییە. هیچکام لە خزمانی وی، تەنانەت دایكو خوشکەکەی نازانن کە وی لە کوێیە. دایکی دێوانە ئاسا لە گشت دەرگەیەك دەداو سۆراخی کوڕەکەی دەپرسێت. هیچکەس هیچ لەبارەیەوە نازانێت. دوو مانگ بەسەر گرتنەکەیدا تێپەڕیوە کە دواجار یەکێ لە خزمانیان شوێنی بە ((سامیە))ی خوشکی دەڵێت. سامیە دەچێتە ئانکاراو پاش تکاو پارانەوەیەکی زۆر دەتوانێت چەند دەقیقەیەك لەگەڵ نازم لە زیندانەدا قسە بکات، ئەوەش بە ئامادەبوونی سەرۆکی زیندانی نیزامی. نازم دەڵێت : (( پارێزەرەکەم ئاگادارکەرەوە. لێرۆکانە نە کەسێك قسەی لەگەڵ کردووەو نە مۆڵەتیان داوە قسە بکەم. چەند مانگە لەم زیندانەدا بەبێ بەڵگە **زیندانیم** ...))

لەم کاتەدا لەپڕ هەواڵ دەگات کە ژمارەیك لە خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەری گیراون ...

بەقسـەی خۆیـان پـەیان بـە((پیـلان))ێکـی گـەورە بـردووە : (( پیلانـی)) یـاخیبوون لـە هـێزە چـەکدارەکاندا بەسەرپەرشتی ((نازم حیکمەت))...

ڕەشبگیر دەست پێدەکات. نـازم هـەروا لـە زیندانـی چـوار میـتر چوارگۆشـەیی کۆنکرێتـدا دێتودەچـێ. تێپەڕین لەم ((چوار میتر چوار گۆشەیە)) شەش مانگ دەخایێنێت.

خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەری چەند ڕۆژ لەژێر فشارو ئەشکەنجەدا لێیان دەکۆڵرێتەوەو پاش ئەوەی کە پەروەندەیان تەواوکردن، لەگەڵ نازم حیکمەتدا دەیان دەنە دادگەی نیزامی. **بەڵگە زیندانیم ...))**

لەم کاتەدا لەپڕ هەواڵ دەگات کە ژمارەیك لە خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەری گیراون ...

بەقسـەی خۆیـان پـەیان بـە((پیـلان))ێکـی گـەورە بـردووە : (( پیلانـی)) یـاخیبوون لـە هـێزە چـەکدارەکاندا بەسەرپەرشتی ((نازم حیکمەت))...

ڕەشبگیر دەست پێدەکات. نـازم هـەروا لـە زیندانـی چـوار میـتر چوارگۆشـەیی کۆنکرێتـدا دێتودەچـێ. تێپەڕین لەم ((چوار میتر چوار گۆشەیە)) شەش مانگ دەخایێنێت.

خوێندکارانی زانکۆی ئەفسەری چەند ڕۆژ لەژێر فشارو ئەشکەنجەدا لێیان دەکۆڵرێتەوەو پاش ئەوەی کە پەروەندەیان تەواوکردن، لەگەڵ نازم حیکمەتدا دەیان دەنە دادگەی نیزامی.

نازم بە شێوەیەکی بێچەندوچوون بە ئازادبوونی خۆی لەم دادگەدا هیـوادارە. لـە نامەیـەکدا کـە بـۆ دایکـی دەنێرێت ئەم بابەتە دەردەبڕێت:

(( **دادگەیی کردنی من بەردەوامە. لە سەدا سەد دڵنیام کە ئازاد دەبم. لانی زۆر مانگێکیتر پێکەوە دەبین**...))

بەڵگەکانی دادگەی نیزامی بریتین لە مشتێك ئەگەری وەك ((بۆی هـەبوو))، ((لەوانەیـە)) ، ((ئەگـەر بـەمجۆرە بوایە))و هیتر.

لەم ژمارە خوێندکارەی زانکۆی ئەفسـەری، نـازم حیکمـەت تـەنیا یـەك کەسـیانی جارێك دیتـووەو ئـەوانیتر بەهیچ شێوەیە ناناسێت. لـە دادگـە دەڵێت : ((مـن یەکـەمین جـارە کـە ئـەم لاوانـە دەبینـم)) ئـەو خوێنـدارەش جارێك هاتۆتە دیداری نازمو بە هۆنراوەو پەرتووکەکانیا هەڵداوەو وتویەتی کە حـەز دەکات وی لـە نزیکـەوە ببینێتو لەگـەڵی ئاشـنا بێـت. هـەروەها لـە کۆمـۆدی خویندارەکـاندا لـەنێو پەرتووکـەکانیاندا چـەند بـەرگ پەرتووكو کۆمەڵە هۆنراوەکانی دۆزراونەتەوە لە کاتێکدا کە هیچکام لەوانە قەدەخە نەبوونو گشتیان مۆڵەتی چاپو بڵاوکردنەویان هەبووە.

بەڵگەیەکیتر، دانپیانانی چەند کەس لە خوێنکارەکانە کە ئەوانیش لە دادگە بـەبێ پـەردە دەڵێـن کـە لـەژێر زۆرو فشاری لەڕادەبەدەردا پەروەندەی لێکۆڵینەوەکەیان ئیمزا کردووە.

مۆڵەتی بەرگری کردن بە ((عیرفان ئەمین)) پاریزەکـەی نـازم حیکمـەت نـادرێ. دادگە نهێنییـەو بە خـێرایی کاری خۆی تەواو دەکات : نـازم حیکمـەت تاوانبـاری پلەیـەك پـانزە سـاڵ زیندانـی سـزا دەدرێو ئـەوانیتر دە ساڵو حەوت ساڵو پێنج ساڵ لەم دادوەرییە بەردەکەوێ.

نازم لەم بڕیارە سەیرە کە هیچ جۆرە بەڵگەیەکی نییە، داوای چاوپێدا گێڕانەوە دەکات. بۆ دایکی

دەنووسێت : (( ... گەورەترین تاوانی من ئەوەیە کە ناوم نازم حیکمەتە. بەڵام من شانازی بەم ناوەوە دەکەم و تا سەرەمەرگیش ئەم ناوە بە شانازیی و بەرزییەوە دەمبێت... ئیتر چارەم نییە بێجگە لەوەی بە خۆڕاگرییەکی گەورەوە ئەم ساڵانە یەك لەدوای یەك پڕکەمەوە و بەسەر بەرم... ئەگەر لە تواناتادا هەبێت تۆو پیرایە بێنە دیدارم، زۆر خۆشحاڵ دەبم.))

لەو سەرکوتە بێوێنەیەی ١٩٣٨دا دادگەی باڵای پێداچوونەوەش ئەم بڕیارەی کە لە چوارچێوەی ماف، نە لۆژیك و ویژدان و نە لەگەڵ هیچکام لە ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگەی مرۆیدا دەگونجێت، پەسەند کرد... لەگشتی خەمناکتر ئەوەی کە نە ئەندامێکی ئەنجومەن نە ڕۆژنامەنووسێك ... هیچکەس دژی ئەم ستەمە کە بەرهەمی یەکێك لە ڕەشترین و تاریکترین سەردەمەکانی مێژووی تورکیە بوو، ناڕەزایەتی دەرنەبڕی.

نازم حیکمەتیان لە زیندانی (**ڕاگرتنگەی- بازداشتگاە**) نیزامییەوە بردە زیندانی ئانکاراو لەوێشەوە گواستیانەوە بۆ زیندانی ((سوڵتان ئەحمەد))ی ئیستانبول...

بەڵام، وەك بڵێی ئەم پانزە ساڵ زیندانە دوژمنانی نازم حیکمەتی ڕازی نەکردبوو و دڵیان ئاوی نەخواردبووەوە. پانزە ساڵ زیندان بۆ ئەم هۆنەرە ئازادیخوازە، لەڕوانگەی وانەوە سزایەکی وا نەبوو ... لەبەر ئەوە پیلانێکی‌تر لە ئارادا بوو.

جەلیلە خانم، دایکی نازم حیکمەت بۆ دیداری کوڕەکەی چووە زیندانی سولتان ئەحمەدی ئیستانبول. بەڵام نازم حیکمەت لەوێ نەبوو، وتیان ئەویان لەوێندەرێ بردووە. بۆ کوێ؟ دیار نییە.

بەڕێوەبەری زیندان بە دایکی گریاو پەریشانی وی وت : ((لەلایەن هێزی دەریاییەوە هاتن و بردیان. فەرمان سەرووتریان پێبوو. وای بۆ دەچم کە دەبێت لە دادگەیەکی تردا دادگەیی بکرێت.))

دایکی نازم لەگەڵ کچەکەی لەڕێگەی ناسیاوێکی کۆنەوە ناسێنران بە دەریاسالار ((شوکری لوکان)) فەرمانەدەی هێزی دەریایی و سەرئەنجام بە فەرمانی وی پاش بەدواچوونێکی زۆر چوونە شوێنێکەوە و لە کەشتی جەنگی (( ئەرکین)) توانیان نازم ببینن، بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە ((پیرایە))شیان لەگەڵ خۆیان برد. هەڵسوکەوتی کەسەکان و نیزامییەکان لەگەڵ وان بەڕێزەوە بووو بۆ دیدار هیچ جۆرە پشێوییان دروست نەدەکرد تا ئەو ڕادەیەی کە هەمووان هیواداربوون کە گرفتێك لە ئارادا نییە.

بەڵام بە پەلە دادگەیەکی تازە بۆ نازم حیکمەت ڕێکخرابوو. ئەمجارە چەند کەس دەریاوان و پلەدارو هەروا کەسانی نا نیزامی کە لەنێویاندا (( کەمال تاهیر)) نووسەری بەناوبانگیش دەبینرا، گیرابوون. ئەمجارەش لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسانی هێزی دەریایی پەروەندەیەك ڕێکخرا کە دووبارە لەوێشدا نازم حیکمەت تاوانباری پلە یەك بووو بە هاندانی کەسانی هێزی دەریایی بۆ هەڵچوون و یاخیبوون لە دژی دەوڵەتی ناوەندی تاوانبار کرابوو.

هەوا گەرم بوو. نازم حیکمەت لە توالێتی کەشتی‌دا زیندانی بوو. بێجگە لەو نزیکەی سی_چل کەسی‌تر لە هەمان کەشتیدا گیرابوون و هیچکام لە بوونی ئەوی‌تر ئاگادار نەبوون. جیا جیا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکراو پەروەندەکان ئامادە دەکران. تاوانی هەندێك لەمانە خوێندنەوەی پەرتووکەکانی نازم حیکمەت بوو. یەك دوو

کەسیان لەگەڵ ویدا ئاشنا بوون. هەر ئەوەندە !

بەزوویی لە هەمان کەشتیا دادگە پێکهات : ئەمجارەش نهێنی ! نە پارێزەرێ نە بەرگرییەك و نە شتێکی‌تر ! تەنیا ئەوە نەبێ کە دادگە بەخێرایی کۆتایی هات و بڕیاری دادگە لە ٢٩ی ئۆگوستی ١٩٣٨دا دەرچوو : نازم حیکمەت بیست ساڵ زیندان، کەمال تاهیر پانزە ساڵ و ئەوانی‌تر هەژدە ساڵ و شانزە ساڵ و پانزە ساڵ و پێنج ساڵ و بەمجۆرە ...

ئەم بیست ساڵەیان لەگەڵ پانزە ساڵەکەی دادگەیی پێشوو کۆکردەوە و بوو بە سی و پێنج ساڵ لە باری سووککردنی یاسایی سوودیان وەرگرت و ئەنجامێك کە دەسگیر بوو ٢٨ ساڵ و چوار مانگ و بیست ڕۆژ بوو! بڕیارەکە بڕایەوە. نازم لەو کاتەدا سی و حەوت ساڵ تەمەنی بوو. ئەگەر دەیتوانی ٢٨ ساڵ لە سیاچاڵەکانی زیندانی شێدارو دیوار کونکرێتیدا بە نەخۆشی سنگ و ئازاری سیاتیك کە هەیبوو زیندوو بمێنێت ئەوا لە شەست و پێنج ساڵیدا ئازاد دەبوو! نازم بەرامبەر ئەم بڕیارەش نارەزایەتی دەربڕی. خوازیاری پێداچوونەوەی بوو. بێسوود بوو... هیچ ئەنجامێکی بەدەست نەهێنا. ئیتر تەنیا کارێك کە دەیتوانی بیکات ئەوەبوو کە لەنێوان چوار دیواری زینداندا سەرگەرمی کاری ئەدەبی بێ و درێژە بەنووسین و هۆنراوە هۆنینەوە بدات. هەروەها بۆ ئەوەی خەرجی خۆی دەربێنێ، لەناو زینداندا کار بکات.

دووساڵ تێپەڕی. ئاگری شەڕی جیهانی دووەم دونیای گرتبووەوە.

لە زستانی ١٩٤٠دا بڕیار درا سزادراوە سیاسییەکان بنێرنە ئاناتۆڵی. نازم حیکمەت بۆ زیندانی ((چانکری)) گوازرایەوە: ناوچەیەکی دابڕاو و دووردەست لە ئاناتۆڵی ... نازم نووسینی ((ئەفسانەی ئەناتۆڵی)) لێرۆکانە دەست پێکرد. دواتریش شانۆیی ((ڕێبوار – موسافیر))ی نووسی ...

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئازاری سیاتیکی نازم حیکمەت توندتر دەبوو و بەرە بەرە بووە ئەشکەنجەیەکی لە توانا بەدەر. دکتۆر بینیان و لە ڕاپۆرتی پزیشکیاندا پێشنیاران کرد کە باشترە بگوازرێتەوە بۆ زیندانی شارێك کە (گەڕاو– ئاوی مەعدەنی)ی هەبێ. سەرەنجام بەهۆی نەخۆش بوونییەوە ناردیانە زیندانی ((بورسە)).

نازم حیکمەت لە زیندانی ((بۆرسە)) لەگەڵ لاوێك بەناوی ((ئورهان ڕاشد)) ئاشنا بوو کە زیندانی سیاسی بووو دوساڵ لەوەوپێش بە پێنج ساڵ زیندانی سزایان دابوو.

ئەم لاوە هۆنراوەی دەهۆنییەوە و لە لایەنگرانی دورونزیکی نازم حیکمەت بوو. ((ئورهان ڕاشد)) چەند ساڵ پاشتر بەنازناوی (( ئورهان کەمال))وە بووە یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرانی تورك و ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکەکانی ئەو ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکیان دەوڵەمەند کرد. (( ئورهان کەمال)) پەرتووکێکی بەناوی (( سێ ساڵ و نیو لەگەڵ نازم حیکمەت)) نووسی کە سەرگوزشتەی ژیانی ئەوان بوو لە زیندانی بورسەدا. سەرەڕای ئەوە بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی کە لەو سەردەمەدا نووسیونی و وێنەگرتنەوەی شێوازی ژیان و خورەوشت و هەڵسوکەوت و شێوەکاری نازم حیکمەتن. دەقی بنەڕەتی ئەم یاداوەرییانە ون بووە بەڵام بەشێکیان نازم حیکمەت لە نامەکانیا بۆ هاوسەری ((پیرایە)) لەزیندانەوە دەینووسین نووسیوەتەوە :

((٢٤/٥/١٩٤٢– بەیانییە نازم حیکمەت سندوقێك کە لە کارگەی دارتاشی دروستی کردووە نیشانی ئێمەی

دەدات و شانازی پێوە دەکات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وی ئەوەیە کە لەبارەی کارگەلێکەوە کە واقیعەن تێیاندا وەستایە هیچ خۆی هەڵناکێشێت. بەڵام لەو کارانەدا کە کە تازەکارو ناشییە مەپرسە. بۆ نموونە وادەردەخا کە لە هۆنەریدا هێشتا زۆر لە سەرەتادایەو گەورەترین ئارەزووی ژیانی ئەوەیە کە ڕۆژێك بتوانێ ببێتە هۆنەرو ئەدیبێکی چاك. بەڵام لەلایەکیترەوە پێی وایە کە دارتاشێکی شارەزاو بێهاوتایەو بەڵگەشی ئەو سندوقە ئاساییەیە.))

نازم حیکمەت لە زیندانی بورسە درێژەی بە کاری ئەدەبی خۆیدا. هۆنراوەی دەهۆنییەوەو شانۆیی دەنووسی و هەروا کاری وەرگێڕانیشی دەکرد. لەپاڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کە خەرجی ژیانی دەربێنێ و پێویستی بەکەس نەبێت لەزیندان خەریکی کاری چنین بوو.

بەو شێوەی کە دەزانین نازم حیکمەت لە هەژدە ساڵیدا تووشی نەخۆشی ( ڕەبۆ) بووەو سییەکانی لەوکاتەوە لاواز بوو بوون و لەبەر ئەوەش لە خزمەت کردنی نیزامی لە هێزی دەریاییدا لیێ بورابوون.

سەرەڕای چارەسەری فرە تا کۆتایی تەمەنی پشێوی سییەکانی لەکۆڵ نەبووەوەو دواتریش نەخۆشی سیاتیك و دواجار پشێوی دڵیشی بۆ زیاد بوو.

نەخۆشی روماتیزم و سیاتیك و ئازارە سەختەکانی بوونە هۆی ئەوەی کە سەرئەنجام لێپرسراوان بینێرنە زیندانی بورسە تاوەکو مانگانە لە ڕۆژانێکی دیاریکراودا سوود لە ئاوە (مەعدەنی)یەکانی ئەوێندەرێ وەربگرێ. لەم ڕۆژانەدا نازم لە زیندانەوە دەبرایە هوتێلێك لە نزیك گەرەاوەکان (ئاوە مەعدەنییەکان) و لەوێندەرێ مۆڵەتی هەبوو لەکاتی چارەسەرکردندا چاوی بە خێزانەکەشی بکەوێت. هاوسەرەکەی پیرایەش بۆ دیدەنی دەهاتە ئەوێندەرێ.

نازم حیکمەت سەرەڕای ئەم نەخۆشیانە، سەرەڕای ئەو ستەمە لە ڕادە بەدەرە کە لە وی کرابووو سەرەڕای سزادانی بە بیست و هەشت ساڵ زیندانی هەرگیز خۆی نەدۆڕاند. وی هەرگیز لەدەست نەخۆشی و ئازارە جەستەییەکانی سکاڵای نەدەکردو دڵخۆشی دایك و خوشك و هاوسەرەکەشی دەداوە. ساتێك لە کاری ئەدەبی بە تایبەت هۆنراوە هۆنینەوە نەکەوت و لە زیندانیشدا دەقیقەیەك وچانی نەبوو. لەگەڵ گشت زیندانییەکان هاوەڵ بووو هەمووان ئەویان بە (( بابە)) بانگ دەکردو تا ڕادەی پەرستن خۆشیان دەویست.

دواجار نازم توانی چەند دەزگەی چنین ئامادەکات و لە زینداندا کارگەی چنینی بەرێخست و بە پەیگیرییەکی تەواوەوە هەر ڕۆژ خەریکی کاری چنین دەبووو چەند کەس لە زیندانیانیش لەگەڵ ویدا کاریان دەکردو قوماشی دەزوویی و خاولییان دەچنی و دەیان ناردنە دەرەوەی زیندان و باش دەفرۆشران. تا کاتێك کە دەزووو پێداویستیان بە وی نەداو کارگەی ڕستن و چنینەکەی ئەویش لە کار کەوت.

سەردەمی شەڕ بوو. شەڕی جیهانی دووەم لەگەڵ ئەوەی کە تورکیە تێوە نەگلابوو بەڵام نەبوونی و بیکاری و هەژاری خەڵکی ئەم وڵاتەی زیاترو لە توانابەدەرتر دەبوو.

نازم حیکمەت لە درێژە هۆنراوەی خۆیدا بەناوی ((دیمەنە مرۆییەکانی وڵاتی من)) ئەو مرۆڤانەی کە گەردەلوولی ڕووداوەکان لەگەڵ خۆی هەڵپێچی کردبوون و لەگەڵ خۆی بەگشت لایەکدا ڕاکێشی کردبوون، ئەو

مرۆڤانەی کە تەمەنێك لەگەڵ ئەم هەژاریو نەداریو بێ خانەولانەییەدا دەستو پەنجەیان نەرم دەرکرد، نیگار کێشاوە.

***

ساڵ لە دوای ساڵ تێدەپەڕێ. کۆتایی بە شەڕی جیهانی دووەم دێت. دونیا خەریکە هەناسەیەك بەبەریدا دێتەوە. فاشیزم لە گشت لایەکەوە پاشەکشێی پێکراوە، رایش[1] کە پاگەندەی دەوڵەتی هەزار ساڵەیی دەکرد، لە چەند ساڵ زیاتر خۆی ڕانەگرتووە. خەڵکی وڵاتانی ژێر دەستە یەك لە دوای یەك بۆ ئازادیو سەربەخۆیی دەجەنگن ...

لە تورکیەش پاش ساڵانێکی دورودرێژ سەرکوتو داپلۆساندن بەرە بەرە سروەی ئازادی هەڵدەکا... لە تەواوی ئەم ساڵانەدا نێوی نازم حیکمەت لە هیچ شوێنێك نەبراوەو دوژمنانی وی وا بیردەکەنەوە کە ئەو لەبیرکراوەو میلەی زیندانەکان بۆ هەمیشە ئەویان لە جەماوەرەکەی دابڕیوە بەڵام...

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٩دا ((موحەمەد عەلی سبك)) پارێزەری دادگە یەکەمین وتارێکی تەکاندەر لە ڕۆژنامەی نیشتماندا دەنووسێتو دادگەییو سزادانی نازم حیکمەت لە ڕوانگەی یاسا باوەکانەوە هەڵدەسەنگێنێتو دەپرسێت : لەم دادگەیەدا بە پشت بەستن بە چ شتێك، بەپێی کامە بەڵگەو بڕواناماەو هەروەها لەسەر بنەمای چ تاوانێك ئەویان ٢٨ ساڵ زیندان سزا داوە ؟

هەر ئەم پارێزەرە لە وتارێکی تردا بەناونیشانی (( دریفوس _ نازم حیکمەت )) ئەم دوو دادگەییکردنە لەگەڵ یەك بەراورد دەکاتو بە مەخابنێکی زۆرەوە وەبیر دێنێتەوە کە لە ماوەی چوار ساڵدا کە دریفوس ( ئەفسەری فەرەنسی کە بە تۆمەتی دژەخونی کردن لە نیشتمان گیرابووو بە زیندانی هەتایی سزا درابوو) لە زیندانادا بوو، گشت ئازادیخوازانو دادپەوەرانو ڕۆشنبیران بەکورتی گشت مرۆڤە ئازادیخوازەکان دژی ستەمێك کە لەو کرابوو دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕیو نووسەری وەك (( ئەمیل زۆلا)) بە هەموو تواناو وزەیەوە لەم ڕێیەدا تێکۆشا.

(( بەڵام لە ساڵی ١٩٣٨ بەملاوە کە هۆنەرێکی ئازادیخوازی وەك نازم حیکمەت کە بەرهەمەکانی مایەی شانازی ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکن، بە ناڕەواو بەبێ بچووکترین تاوان بە بیستو هەشت ساڵ زیندان لەگەڵ کاری سەخت سزا دراوە، هیچکەس بچووکترین هۆگری لەبارەی ڕوون بوونەوەی ئەم پیلانە شومە دژی وەها مرۆڤێك نیشان نەداوە. لە کاتێکدا کە هەمووان دەزانن و ڕاپۆرتە جۆراوجۆرە پزیشکییەکان سەلماندویانە کە سییەکانی لە بارێکی ناجۆردانو خودی ئەویش زۆر لاوازو نەخۆشەو تووشی سیاتیك بووەو بەدرێژای ئەم ساڵانە لە زیندانی بورسەدا نەخۆشی دڵیش هاتۆتە سەریان...

لەگەڵ گشت ئەمانەدا لەماوەی ئەم دوازدە ساڵەدا هیچ یەك لە لێپرسراوان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ نەکردووە.))

لە لایەکی تریشەوە لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە، هۆنراوەکانی نازم حیکمەت بە شێوەی جۆراوجۆر لە زیندانی بورسەوە دەردەچوونو پاش وەرگێڕان، لە چاپکراوەکانی فەرەنسەدا چاپ دەکران. لەو کاتەدا هێشتا هیچ

یەك لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تورکیە نەیان دەوێرا کە نێوی وی بەرن تا چ ئەوەی هۆنراوەکانی بۆ بڵاوبکەنەوە... هۆنراوەکانی وی لە فەرەنسە وەردەگێڕدرانە زمانەکانیترو لە ئامریکا، سۆڤیەت و وڵاتانی ئامریکای لاتین چاپ دەکران. تەنیا یەك دوو گۆڤار لە تورکیە تاك و تەرا چەند هۆنراوەی کورتکراوەی ویان بە پارێزو بەنازناوەوە چاپ دەکرد.

هۆنراوەکانی نازم، بەرە بەرە لە دونیادا هەرایەکی زۆریان بەرپاکردو ئەوەی کە وەها هۆنەرێکی گەورە ساڵهایە لە گۆشەی زینداندا ماوەتەوەو بەبێ بچووکترین تاوانێك سزای مەرگی لەسەرخۆی بەسەردا دراوە، ئازادیخوازان و ڕۆشنبیرانی جیهان دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕی ... لە پاریس (( کۆمیتەی ڕزگارکردنی نازم حیکمەت)) پێکهات. ئەم کۆمیتەیە لە بەیاننامەیەکدا کە بۆ ئازادکردنی نازم حیکمەت بڵاوی کردەوە، گشت ئازادیخوازان و نووسەران، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بۆ پشتیوانی بانگەوازکرد.

شان بەشانی گەورە پیاوانی وەك پابلو نیرودا، ژان پول سارتەر، پابلو پیکاسو، بیرتۆڵد برێخت، نووسەران و نیگارکێشان و موزیك زانان و زانیاریانی بەناوبانگی دونیا نارەزایەتی توندی خۆیان بەرامبەر دەوڵەتی تورکیە دەربڕی و خوازیاری ئازادبوونی نازم حیکمەت بوون.

ڕێکخراوی یونسکو، ئەنجومەنی مافزانانی دیموکراتی دونیا و گشت ئۆرگان و ڕێکخراوە جیهانییەکان بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو تێیاندا لەدژی ئەو ستەمە گەورەیەی کە دەوڵەتی تورکیە بەم هۆنەرە ئازادیخوازەی ڕەوا بینیوە، نارەزایەتییان دەربڕی.

ئەم دەنگ هەڵبرین و نارەزایەتییانە بەرە بەرە لە تورکیەش پەرەیان گرت و سەرەنجام زانستگە، کۆلێژو دواناوەندی شارەکان دەستیان دایە نارەزایەتی و کۆمیتەی ڕزگارکردنی نازم حیکمەتیان پێکهێنا. پۆستەرو پلاکارت چاپکران و بەسەر دیواری شارەکاندا بە تایبەت ئانکاراو ئیستانبول چەسپێندران. لە گشت لایەکی جیهانەوە ئەم بانگەوازە دەچرپا : (( نازم حیکمەت ئازاد کەن ! ))

لێپرسراوانی تورکیە لە وەڵام بەم ئەم گشتە بانگەوازو نارەزایەتییە ئەمرۆو بەیانییان دەکرد. ئەوان تەواوی هەستیان لای هەڵبژاردن بوو، بە هەراوهوریای داخوازی ئازادکردنی نازم حیکمەت تەنانەت گاڵەگاڵی هەڵبژاردنیشی خستبووە کارایی خۆی.

لەم دوازدە ساڵەدا کە نازم حیکمەت لە زینداندا بوو، ماوە ماوە پاگەندە لەبارەی لێبوردنی گشتییەوە دەکەوتە بەر گوێی زیندانیان بەڵام هەمیشە پاش ماوەیەکی کورت خۆشخەیاڵی ئەو مرۆڤانە بەندکراوانە بە نائومێدی کۆتایی دەهات.

تا ئەوەی کە ساڵی ١٩٥٠ هاتە پێشەوە. لەم ساڵەدا خەڵکی تورکیە خۆی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەن ئامادە دەکرد. لەساڵانی پاش شەڕی جیهانی دووەمەوە سیستمی تاك پارتی لە تورکیە هەڵوەشێنرایەوەو پارتێکی تازە بەنێوی پارتی دیموکرات هاتە ئاراوە. دامەزراندنی پارتی دیموکرات لەسەرەتادا، زۆرێك لە ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران و بە شێوەیەکی گشتی کەسانێك کە لە سەرکوت و بیروکراتی سەردەمدارانی پارتی کۆماری گەل گەیشتبووە گیانیان هیوادار کردو ڕۆژبەڕۆژ لایەنگرانی ئەم پارتە تازەیە

کە دامەزرێنەرانی بە گەرموگوڕی لە بارەی ئازادییە کەسییەکان بە تایبەت ئازادی ((نووسین))و ((دەربڕین)) دەدوان، ڕوو لە زیاد بوون بوو. بەتایبەت کە پارتی تازە بەڵێنی ((لێبوردنی گشتی)) واقیعی بە جەماوەر دەداو پێی دادەگرت کە ئەم لێبوردنە زیندانیانی سیاسیش بگرێتەوە. هەڵبژاردن نزیك بووو ئەم پرسە بۆ هەردوو پارت بابەتێکی دەژمێردرا. چاپکراوەکان بە بەردەوامی لە بارەی لێبوردنی گشتیو ئەوانەی کە دەیانگرێتەوە زیادیان پێوە دەنا. لەم ماوەدا بڵاوبووەوە کە پێشنیاری لێبوردنی گشتی لە ئەنجومەندا لە هەڵسەگاندن دایەو شتێکی وا بۆ پەسەندکردنی نەماوە. ئەم هەواڵە لە تەواوی زیندانەکانی تورکیە لەوانەش زیندانی بورسە بڵاوبووەوەو زیندانیانی دڵخۆشو هیوادار کرد. نازم حیکمەتیش ئەم هەواڵەی بیست بەڵام ئەویش وەك زیندانییە سیاسییەکانی‌تر لەم قسانە بیزار بوو بووو لەبەر ئەوە ئەوەندە سەرتجی ڕانەکێشا. تا ئەوەی کە ڕۆژێك ((منەوەر)) هاتە زیندان.

لەم ڕۆژانەدا پەیوەندی نازمو هاوسەرەکەی پیرایە ساردوسڕ بوو کە لە ئەنجامی ئەوەدا لەیەك جیابوونەوە.

بەسەرهاتی ئەڤینی ((منەوەر))و نازم دەگەڕایەوە بۆ بیست ساڵ پێشتر. ساڵی ١٩٣٠ منەوەر کچەخاڵی نازم کە دایکی فەرەنسی بوو، هەڤدە ساڵە بووو تازە لە فەرەنسە گەڕابووەوە. پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەوو نازم دا پەیدا بووو منەوەر ئارەزووی خۆی بۆ هاوسەریکردن لەگەڵ نازم دەبڕی. نازم پێیگوت: (( تۆ هێشتاکە زۆر لاوی، دەبێت خێزان پێکەوە بنێیو ماڵو ژیانو منداڵت هەبێت، من ناتوانم ئەم شتانە بۆ تۆ بێنمەدی. من لە داهاتوودا، چاودێریو ڕاونانو زیندانو دوورخستنەوەم لەپێشە. من بۆ ژیانی ئاسوودەو خێزان دروست نەکراوم.))

لەو شەوە هاوینەی ١٩٣٠دا لە کاتێکدا کە پێشنیاری کیژۆڵەیەکی هەڤدە ساڵەی ڕەتدەکردەوە، کێ دەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە بیست ساڵ دواتر، هەر ئەم ژنە دەبێتە دایکی تاقە کوڕەکەی نازم حیکمەت ؟

(( منەوەر ئانداچ)) لە ساڵی ١٩٦٧دا لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ((رادی فیش)) نووسەری روسیو هاوەڵی نازم حیکمەت کە پاش مردنی نازم پەرتووکێکی لەبارەیەوە نووسی، ئاوای گوت:

– لەو کاتەدا هەستم دەکرد کە بە توندی سووکایەتیم پێکراوە. چۆن دەبوو؟ چۆن دەلوا کە ئەو ئەڤینی من ڕەت بکاتەوە ؟ بۆ ئەوەی کە نازم لەبیری خۆم دەرهاوێم هەرچی لەدەستم هات کردم. هاوسەریم کردو بوومە خاونی کیژێك. بەڵام...

جارێك، منەوەر کە هاوسەری یەکەمی زۆری نەخایاندبووو بە جیابوونەوە کۆتایی هاتبوو، هاتە دیدەنی نازم. پێی گوت کە بڕیاری خۆی داوەو ئیتر هەرگیز لە وی دانابڕێو ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای هەستو سۆز نییە بەڵکو لە ڕووی ژیریو هۆشو لۆژیکەوە دراوە. وتی دەزانێت کە ناهێڵن ژیانێکی ئاساییو ئاسوودەی هەبێتو دەزانێت کە وی چ دژواریو گیروگرفتێکی لە پێشە بەڵام بەو گشتە دژواریانە ڕازییەو بەگیانی دەیانسێنێت....

نازمو منەوەر هاوسەریان کرد. ئەمە چوارەمین هاوسەری نازم حیکمەت بوو. نازم هەروا لە زیندانی بورسەدا بووو منەوەریش لەوشارەدا نیشتەجێ بووو چاوڕێی ئازادبوونی هاوسەرەکەی بوو...

ئەو ڕۆژە منەوەر هاتە زیندان. بڕێکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤارو هەواڵی هیوابەخشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. باوەڕی بە نازم هێنا کە خەریکە خەونی لێبوردنی گشتی دەبێتە ڕاستی. وی گۆڤارێکیشی بەنێوی (( نازم حیکمەت)) بۆ هێنا بوو. ئەم گۆڤارە لاوانی ئیستانبول بڵاویان دەکردەوەو ڕوو لە وی نووسیبوویان :

(( **تۆ فێرت کردین کە چۆن مرۆڤەکانمان خۆشبوێن، ئیمەش ئێستاکە بۆ ئازادبوونی تۆ دەجەنگێین**... ))

چاوەکانی نازم ئەشکیان تێزا...

نازم حیکمەتیش وەك گشت زیندانییە سیاسییەکانی دڵبەندی ئەم هیوایە بوو کە بەزوویی یاسای لێبوردنی گشتی لە ئەنجومەندا پەسەند دەکرێ، لە نامەکانی خۆیا مژدەی بە دایكو هاوەڵانی دەدا کە ئیتر سەردەمی لێك دابڕانو ئازار کۆتایی دێتو ڕۆژی ئازادبوون زۆر دوور نییە. بەڵام لەم ڕۆژانەدا، لەناکاو هەواڵێکی نائومێدگەر لە زیندانەکانی وڵاتدا بڵاوبووەوە : ئەنجومەن بەبێ ئەوەی کە یاسای لێبوردنی گشتی پەسەد بکات، بۆ کاروباری هەڵبژاردن دەستی بە پشووی خۆی کردووە !

ئەم لێدانە، لێدانێکی کوشندە بوو... لە گشت زیندانەکاندا باری یاخیبوونو هەڵچوون سەری هەڵدا، گشت هیواکان بێ ئەنجام بوون، ئەمجار دیوارەکانی زیندان تەنگترو هەوای خنکێنترو کاتەکانی بێ بڕاوەتر دەهاتنە بەرچاو...

دریژەی هەیە

**بۆ ئەوەی هەردەم ژیلەمۆ سەکۆی ئازادی خامەی ئێوەبێ، کۆمەکی پێبکەن بلآوی بکەنەوە، بابەتی بەپێزو نوێی بۆ بنێرن، ڕەخنەو پێشنیاری ئاراستە بکەن، دەستی هاوکاری و پشتیوانی هەمەلایەنەی بۆ درێژ بکەن.**

## ترۆتسکی لە دوورخراوگە

نووسینی: پیتەر ڤایز

بەشی : هەشتەم

**لێکۆڵەر** :

تاوانبار ڕادیك، ئایا نامە یان چەند نامەیەکت لەم بارەوە پێگەیشتووە ؟

**ڕادیك** :

لە ئاپریلی ١٩٣٨دا نامەیەکم پێگەیشتووە، نامەیەکی‌تر لە دێسەمبەری ١٩٣٥دا دا. ترۆتسکی لە نامەی یەکەمدا دەڵێت شەڕ دەبێتە هۆی شکستی سۆڤیەت. ئەم شکستەش هەلێك بە تاقمەکە دەدات تا دەسەڵات بگرنە دەست. لەبەر ئەوە، بەرژەوەندی تاقمەکە لەوەدایە کە بەشدار بێت لە خێراکردنی هەڵگیرسانی شەڕدا بەم شێوەیەش شکستی یەکێتی سۆڤێت دابین دەکرێت.

**لێکۆڵەر** :

ئەی نامەی دووەم چی دەڵێت ؟

**ڕادیك** :

لەڕاستیدا، گەیشتووەتە ڕادەی وتنی گێڕانەوەی سەرمایەداری. گێڕانەوەی ڕژێمی سەرمایەداری. ترۆتسکی لەوێدا وای بۆ دەچێت کە لە ئەنجامی ئەو شکستەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوو دەدات، ئەوا ناچار دەبێت بۆ ئاڵمانیاو یابان لەمافە پیشەسازییە گەورەکان خۆشبیت. کەرتی تایبەتیش ڕۆڵێکی چالاك لە بوارەکانی بەرهەمهێناندا وەردەگرێتەوە. لە کۆتایشدا کێڵگە هەرەوەزییەکان دەدرێنە دەست چینێکی نوێ لە کۆلاکەکان.

**لێکۆڵەر** :

ئایا ترۆتسکی باس لە دەستهەڵگرتن لەناوچە هەرێمییەکان دەکات ؟

**ڕادیك** :

پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە دەستهەڵگرتنە ناوچەییەکان پێویستن.

**لێکۆڵەر** :

چ جۆرە دەستهەڵگرتنێك ؟

**ڕادیك** :

لەنامەکەدا دەڵێ : ئەگەر ئێمە بمانەوێ پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئاڵماندا دروست بکەین پێویستە لەسەرمان شتێك بکەین کە پێداویستییە فراوان خوازەکانیان تێر بکات .

**لێکۆڵەر** :

دەست هەڵگرتن لەئۆکرانیا بۆیان ؟

**ڕادیك** :

بێگومان مەبەست لە ئۆكرانیا بوو. بەڵام لەبارەی یابانەوە، ترۆتسكی باسی لەدەستهەڵگرتن لەناوچە كەنارییەكانی ڕۆژهەلاتی دووری دەكرد.

**لێكۆڵەر** :

ئایا ترۆتسكی ڕێكەوتنی لەگەڵ دەوڵەتی ئاڵمانیاو یاباندا دەست پێكرد؟

**ڕادیك** :

لەگەڵ هیس، جێگری هیتلر لە پەیوەندی گرتندا بوو. بە نوێنەرانی یابانی گوت كە وی هیچ ڕێگرییەك ناخاتەر سەر ڕێی یابان لە داگیركردنی چین دا.

**لێكۆڵەر** :

تاوانبار بیاتاكۆڤ. ئەوەی كە ڕادیك باسی كرد دەسەلمێنی لە نامەكەدا هاتووە؟

**بیاتاكۆڤ** :

بەڵێ، دەیسەلمێنم.

**ترۆتسكی** :

ناتاشا، بۆچ لیۆن بەڵگەنامەكانی نەنارد ؟ لە پاریس چی دەكات.

ئایا مافی مانەوەی پێدراوە ؟ گشت تۆمەتەكان دەتوانرێت بەدرۆ بخرێنەوە. پەلەكردن پێویستە، ئەگینا هەمووومان دەستبەسەر دەكرێین.

**بیاتاكۆڤ** :

كۆبۆنەوەیەك لە نەرویژ ڕێكخرا، منیش بە ڕۆیشتن ڕازی بووم. هەرچەندە ئامادەبوونی وی ڕووگیری دەكردم.

**لێكۆڵەر** :

ئەوكاتە تۆ لەكوێندەرێ بووی ؟

**بیتاكۆڤ** :

لەسەرەتای دێسەمبەری ١٩٣٥دا من بەكارێكی ڕەسمی لەبێرلین بووم. لە بەرەبەیانی دوازدەهەمی دێسەمبەردا لەڕێگەی فرۆكەخانەی تێمبلهۆفەوە چووم بۆ نەرویژ كاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ لە فرۆكەخانەی ئاسمانی نزیك ئۆسلۆ فرۆكەكە نیشتەوە. ئۆتۆمەبێلێك چاوەڕێی دەكردم. پاش نیوساعەت ئۆتۆمەبێلەكە لە ناوچەیەكی كەنار نشین ڕاوەستا. لەئۆتۆمەبێلەكە هاتینە خوارەوەو چووینە ناو خانوویەكی گچكەی ڕێكوپێك. لەوێندەرێ چاوم بە ترۆتسكی كەوت و، ئەوە یەكەمین دیدارمان بوو لەساڵی ١٩٣٨وە.

**ترۆتسكی** :

ئایا مۆڵەتی هاتووچۆی نێرویژیت هەبوو ؟ ئایا بەبێ ئاگاداركردنی كۆنسوڵاتی سۆڤیەتی لە سەفەرەكەت دەتتوانی بێرلین بەجێبهێلیت ؟ چۆن توانیت خۆت لەچاودێری ئەو سۆڤیەتییانەی كە لە ئۆسلۆن

بپارێزی ؟ ئەو پلانە چیبوو کە بەکارت هێنا ؟

**لێکۆڵەر :**

تاوانبار بیاتاکۆڤ. وتت کە لە فرۆکەخانەی سەربازی ئۆسلۆ نیشتیتەوە ؟

**بیتاکۆڤ :**

بەڵێ. لە نزیك ئۆسلۆ.

**لێکۆڵەر :**

ناوی فرۆکەخانەکە چ بوو ؟

**بیتاکۆف :**

ناوی نازانم.

**لێکۆڵەر :**

ئایا لەنیشتنەوەدا تووشی هیچ دژوارییەك بوون ؟

**بیتاکۆڤ :**

نەخێر. یەکسەرە بەرەو کەناری شار چووم کە ترۆتسکی لەوێندەرێ چاوەڕێی دەکردم.

**ترۆتسکی :**

من دوو کاتژمێر لە ئۆسلۆوە دوورمو لەکێوەکاندا دادەنیشم. نەك نیوکاتژمێر وەك ئەو وتی.

**لێکۆڵەر :**

ئایا کەسێکی دیکە لە دانیشتنەکەی نێوانتاندا ئامادەبوو ؟

**بیتاکۆف :**

کەس لەوێندەرێ نەبوو. کۆبونەوەکە تەواو نهێنی بوو.

**ترۆتسکی :**

هاوسەرەکەمت نەدی ؟ خواردنمان بۆ ئامادە نەکردی ؟ دوای گەشتێکی دووروودرێژ دەبوو برسی بویتایە.

**لێکۆڵەر :**

باستان لە چی کرد ؟

**بیاتاکۆف :**

لەوکارانەی کە ناوەند پێیان هەستابوو، ئاگادارم کردەوە. بە بەردەوامی قسەکانمی دەبڕی. تێبینی ئاراستە دەکرم کە ڕازیکردنی دەوڵەتی ئەڵەمانیو یابانی دەگرتەخۆو، تێکشکان لە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە. پێی وتم ئێمە لە بەختەوەرییەکی خەیاڵیدا دەژین. هێشتاکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بەپارتەوە دەمان بەستێتەوە. وتی هێشتاکە زۆربەی مە ترۆتسکیستەکان گومان بەسەرماندا زاڵەو ئەوەمان بۆ دەرازێنێتەوە کە لە تواناادا هەیە راپەڕینێکی جەماوەری ڕێك بخرێت. هەروەها درێژەی بەقسەکانیداو

وتی ئەم شتە ئاستەمە لەبەر ئەوەی کە کارگەرانو وەرزێڕان پڕۆگرامی گەشەی کۆمەڵایەتی چاو و گوێی بەستوون، هێشتاکە پێیان وایە پرۆگرامێکی سۆشیالیستییە. هەروا وتی بە کودەتا واتە هەموو شێوازەکانی شەڕ نەبێت ناتوانین دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرین.

**لێکۆڵەر** :

ئایا لەبارەی وتووێژەکەی لەگەڵ جێگری سەرۆکی پارتی نازییەوە قسەی بۆ کردی ؟

**بیاتاکۆڤ** :

ئاگاداری کردم کە لەگەڵ هیس بە ڕێکەوتنێك گەیشتووە بە خستنەگەڕی سەرمایەی ئاڵمانی لە گەشەدان بە کەرەستەی خاو سۆڤیەتدا.

**لێکۆڵەر** :

ئایا ڕێنوێنی تازەی پێدایت ؟

**بیاتاکۆف** :

شتە تازەکان تەواو ئاشکرا بوون. ڕیکخستنی ترۆتسکیستی بووە ئامرازێك بۆ فاشیستەکان.

( ناتالیا بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت )

**ناتالیا** :

نودسین دەیسەلمێنێت کە لە زستانی ١٩٣٥دا هیچ فرۆکەیەکی بیانی یان تایبەت کە لەبێرلینەوە لەفروکەخانەی جەنگی کییلەر لەنزیك ئۆسلۆ نەنیشتووەتەوە. یان ئەوەی میوانی میوانی ترۆتسکی بوبێت هەروەها ڕایدەگەیێنێت هیچ کۆبونەوەیەك لەنێوان بیاتاکۆڤ و ترۆتسکیدا ڕووی نەداوە.

**لێکۆڵەر** :

تاوانبار بیاتاکۆڤ، ئایا ناوی فڕۆکەخانەکە فرۆکەخانەی کییلەر بوو ؟

**بیتاکۆف** :

پێم وایە کییلەر بوو.

**لێکۆڵەر** :

نوێنەرانی تەلەسگەی دیبلۆماسی سۆڤیەتی لە ئۆسلۆ ئاگاداریان کردین کە فرۆکەخانەی کییلەر بەدرێژایی ساڵ بۆ هەموو فڕۆکەیەك لە گشت وڵاتانی دونیاوە کراوەیە.

**بیتاکۆف** :

دادگەرانی بەڕێز. لەم ساتەدا لەبەردەم دادگەرانی سۆڤیەتدا دان بەلێپرسراوەتی تەواوی خۆمان بەرامبەر ئەو تاوانانەی کە کردووانن دەنێین، لەبەردەم ئەو پیاوەی کە ئەو تاوانەمان بەناوی وی و هاندانی وییەوە ئەنجامداون بوارێك نەماوە بێجگە لە خۆدامالین لەو شتانەی کە ڕۆژانێك لە ئەنجامدانیاندا هاوکاریمان کردووە. هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نییە بێجگە لەوەی کە کرپێت و پەنا بەرێتە بەردرۆ بەگەواهیدانی ناڕاست تاوانبارمان کات.

**لێکۆڵەر :**

تاوانبار ڕاکۆڤسکی. تۆ هاوەڵێکی نزیکی ترۆتسکی بوویت ؟

**ڕاکۆڤسکی :** بەڵێ من هاوەڵی خۆی بووم.

**لێکۆڵەر :**

تۆ لە بۆچونە سیاسییەکانیدا هاوبەشی دەکرد ؟

**ڕاکۆڤسکی :**

بیروڕای سیاسیم لەگەڵدا دەگۆڕییەوە.

**لێکۆڵەر :**

بۆچ ئەو شەڕەی دژ بە دەوڵەتی سۆڤیەتی خۆشکرد؟

**ڕاکۆڤسکی :**

لەبارێکی شێواو و لەدەستدانی هۆشمەندیدا بووین.

ئەو پلەوپایە بەرزو گرنگانەی کە لە دەوڵەتدا داگیرمان کردبوون سەریان گێژ کردین. لە گەرمەی خەیاڵەکانماندا بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرینە دەست لە خەڵەتاندنو تێکدانو کوشتن سڵمان نەکردەوە. ئاواش لە کۆتاییدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو سەرکەوتنانەی کە بەرنامەی گەشەی کۆمەڵایەتی لە یەکێتی سۆڤیەتیدا بەدیهینابوون و بۆ گێڕانەوەی هەلومەرجی سەرمایەداری لەگەڵ هیتلەرو ئیمپڕاتۆری یابان ڕێککەوتین. ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەمانی گۆڕی بە ڕەفتاری دژە شۆڕشانە.

**لێکۆڵەر :**

ئەو ڕەفتارە شۆڕشگێڕانەیە کامەیە کە تۆی پێ ڕەزاشیرین بوو بووی؟

**ڕاکۆڤسکی :**

نکۆڵی لێناکرێت کە من جاران سەر بە ...

**لێکۆڵەر :**

تۆ هیچکات سەربە شۆڕشگێڕەکان نەبوویت، ئەی فاشیستی بەکرێگیراو.

**ڕاکۆڤسکی :**

بەڵێ، من تاوانبارم، دان بەدژەخونی گەورەشدا دەنێم. لە ساڵی ١٩٢٤وە بووم بە ئەندام لە هەواڵگرانی بریتانیدا. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٣٤ لە دوورخراوگە ئازادبووم، بووم بە کریگیراوی هەواڵگری یابانی. بەڵام کاتێك کە بیرمان کردەوە کە ئێمە دەسەڵات بگرینە دەستو بیپارێزین بەبێ ئەوەی بیدەینە دەست فاشیستەکان، بیرکردەوەیەکی شێتانەو ئەستەم بوو.

دادگەرانی بەڕێز. من نامەوێت سوچی خۆم بدەمە پاڵ ترۆتسکی. من بە تەمەن لەو گەورەترم، شارەزای سیاسیم لەو کەمتر نییە. بەڵام ڕاستییەك سەر سنگی گرتووم کە ترۆتسکی، دوژمنی گەل، لەم هۆڵەدا لەنێوانماندا نییە تاوەکو ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەمان کراون ئاراستەی ویش بکرێن. ئەوە ئازارم

دەدات، لەبەر ئەوەی کە ئەم دادگەرییە بەبێ ئامادەبوونی کەسێك کەسەری پیلانەکەیە، بەشێك لە کارایی خۆی لە دەستدەدات. ئەوەش زیاتر ئازارم دەدات، کە لێرە نەبوونی ترۆتسکی بەخۆی واتە توانای درێژەدانی بە چالاکییەکانی دەبێت. بەڵام دڵنیام تەواوی دڵنیایی کە وی سەری کردووە بەناو لەشیدا لە حەشارگەکەیدا لە مەکسیك، پاش ئەوەی کە لە ئەنجامی دەرکردنی لە نەرویج بۆی کشا، لەو بێ ئابڕوییەی کە هەنووکە لەدەستی دەناڵێنێت ڕزگاری نابێت.

**ڕادیك** :

من نالێم کە ترۆتسکی منی بەلاڕێدا بردووە. من لەگەڵ ڕێکخستنی ترۆتسکیستیدا بووم. نەك لەبەر ڕوانگەو بۆچوونە پوچەکانی کە لەو کاتەوەی کە بۆ یەکەمجار دوورخرامەوە بیستمن دەمزانی بۆگەنن، بەڵکو لەبەرئەوەی کە هیچ کۆمەڵەیەکی تر لەوێندەرێ نەبوو تاکو بتوانم باوەڕی پێبکەم بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانم. دانم بە دژەخونی خۆمدا نا. بەڵام ئەو بەڵگانە کامانەن ئەو تاوانانەی کە ئێمە کردوومانن دەسەلمێنن؟ چۆن دەیسەلمێنن کە ئەوشتانەی کە دانمان پیاناون ڕاستی مەسەلەکەن ؟

دانپیانانی من هەیە کە من نامەم لە ترۆتسکی وەرگرتووە، بەداخەوە سووتاندوومن، دانپیانانی بیاتاکۆڤ هەیە لەبارەی کۆبونەوەکەی لەگەڵ ترۆتسکیدا. بەڵام دانپیانانی تاوانبارەکانی دی پشت ئەستوورن بە دانپیانانەکانی ئێمە. ئەی هاوڕێیانی دادگەر.

**لیکۆڵەر** :

مەڵێ هاوڕێ ئەی تاوانبار ڕادیك. بڵێ هاووڵاتیانی دادگەر.

**ڕادیك** :

ببورن. هاووڵاتیانی دادگەر. لەگەڵ ئەوەی لە من ناوەشێتەوە وەك کۆمۆنیستێکی هەڵگەڕاوە خۆم بناسێنم، ڕێگەم بدەن بڵێم کە ئێمە پێکەوە تەواوی ژیانمان لە بزووتنەوەیەکی کارگەریدا لەگەڵ ئەو کارگەرانەی کە ڕێگەیەك کۆمانی دەکردەوە بردەسەر. هێشتا باوەڕمان پێیان هەیە. باوەڕمان پێبکەن مە درۆ ناکەین کاتێك کە ئەوە دەڵێین. ئەوەتا ئێمە ڕایدەگەیێنین بۆ گشت تێکۆشەرانی پێناو مەسەلەکانی ئاشتیو جیهان بەگشتی کە ترۆتسکیزم ئامرازێکە بۆ فاشیستەکانو بازرگانانی شەڕ. دژوارە بۆمان دان بەم شتەدا بنێین. بەڵام ڕاستییەکی مێژووییە. ڕاستییەك کە ژیانمان لەپێناویدا دەبەخشین.

**مراچکۆڤسکی** :

من کارگەرم. کوڕی کارگەر. نەوەی کارگەر. من کوڕو نەوەی

**لیکۆڵەر** :

مراچکۆڤسکی، تۆ دژەخونی لە چینی کارگەر. تۆ دژەخونی لەشۆڕش.

**مراچکۆڤسکی** :

بۆ یەکەمجار کە گیرام تەمەنم سێزدە ساڵان بوو. لەبیرتان نەچێت کە کارگەران یان ئەو خەڵکانەی وەك من لەچینی کارگەر دادەبڕێن بۆی هەیە بگۆڕێنو ببنە دژە شۆڕش. من ئیتر شیاوی ژیان نیم. بەڵام

داواتان لێدەکەم باوەڕم پێبکەن کاتێك کە دەڵێم من ئێستا هەموو ئەولەکانەی کەجەستەمیان داپۆشیبوو سڕیومنەتەوە.

**زینۆڤیڤ** :

کاتێك کە دوژمنی پارت بین ناتوانین ڕاست بین. پارتیش هەمیشە لەسەر ڕاستییە چونکە تەنیا ئامرازی مێژووییە کە چینە زەحکەتکێشەکان شکی دەبەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. من لە پاش مەرگی لینینەوە ترۆتسکیم بۆ ڕازی بوون بەم باوەڕە بنچینەییە هانداوە. بەڵام ڕەتیکردنەوە. یاسای پێشێلکرد. لەگەڵ ئەوەشدا پێوەی پەیوەستبووم. کەموکوڕیم لە بۆلشەڤی بوونمدا گۆڕا بە دوژمنایەتی بۆلشەڤیزم. بوومە دوژمنی بۆ بزووتنەوەی کارگەری جیهانی.

**بوخارین** :

ئێمە ڕۆژێك لەگەڵ لینیندا بووین ...

**لیکۆڵەر** :

هەلپەرست. بوخارین تۆ هیچکات لەگەڵ لینیندا نەبوویت.

**بوخارین** :

هەروەها هەوڵماندا کارەکانی لینین کە سەرکردایەتی ئێستاکەی پارت بەسەرکەوتنێکی بێوێنەوە تەواوی کردوون لەناویان بەرین. بەڵام دەست بەسەرکراین. پیلانەکەی ترۆتسکی شکستی هێنا. ئا ئەوەتا من لەبەردەم پارتدا کرنووش دەبەم. لەبەردەم گشت خەڵك و لەبەردەم سەرکردە گەلییە شارەزاوو لێزانەکاندا.

(سەمیرنۆڤ دێتە ژوورەوە سەربازی چەك بەدەست وەپێشیان داوە. سەری داخستووە. بەدەنگێکی هێواش قسەدەکات).

**سەمیرنۆڤ** :

قسەکانم ئاراستەی پاشماوەی ئەو ترۆتسکیستانەی کە هێشتاکە دەستبەسەر نەکراون و لەناوخۆدان، گشت ئەوانەش کە تاوەکو ئێستاکە وازیان لەدژایەتیکردنی فەرمانڕەوایی نەهێناوە. بە هەموویان دەڵێم: چەکەکانتان فڕێدەن. پشتکەنە ترۆتسکی و ترۆتسکیستەکان. تەنیا ڕێگەیەك لەبەردەم وڵاتەکەماندا هەمان ڕێگەیە کە ئێستاکە پێیدا دەڕوات. بیجگە لە سەرکردەیەك کە مێژوو پێی بەخشیوین هیچ سەرکردەیەکی شیاو نییە.

( لەکۆتایی شانۆکەدا ژمارەیەك زیندانی نەناسراو کە سەرباز چواردەوری داون دەردەکەن. هێندێکیان بەرەو پێشەوە دێن )

**لیکۆڵەر** :

من داوای کوشتنی هەموو ئەم سەگە بەڕەڵایانە بە گوللەباران دەکەم تاوەکو گیاو دڕکوداڵ گۆڕەکانیان داپۆشێت. بۆئەوەی پیاوچاکانی سۆڤیەت سووکایەتییان پێبکەن. بۆ ئەوەی گەلی سۆڤیەتی بەگشتی نەفرەتیان لێبکەن.

سەربازەکان تاوانبارە سەرەکییەکان دەبەنە بەشی دواوەی دادگە هەرچەندە زینۆڤیڤ بەرهەڵستیان دەکات.

**زینۆڤیڤ** :

بەڵێنتان پێداین ژیانمان بپارێزن گەر دان بەو شتانەدا بنێین.

( پێکەنینی سەربازەکان. زینۆفیف باوەش بەقاچی سەربازێکدا دەکات ).

بە ئاسمان. ئیوسیڤ ڤێزاریۆنۆڤیچ بانگکەن. وی بەخۆی بەڵێنی پێداین.

**خێمینیڤ** :

با منداڵەکانم گوێڕادێرن لەوەی دەیڵێم. ئاوڕمەدەنە دواوە. دەست لەناو دەست لەگەڵ گەلی سۆڤیەتیدا ڕێبکەن.

**سەمیرنۆڤ** :

هاوسەرەکەم و کچەکەم ئازاد بکەن.

( زینۆڤیڤ ڕاکێش دەکەن. هاوارو ناڵی بەرز دەبێتەوە)

**زینۆڤیڤ** :

گوێڕادێرە ئیسرائیل، ئەی ئیسرائیل. خوامان یەك خودایە.

( لەگەڵ چوونە دەرەوەی کۆمەڵە سەربازەکە، هێندێك زیندانی نەناسراو دێنە لای ترۆتسکی)

**زیندانی یەکەم** :

شلیابنیکۆڤیان ڕانەکێشایە دادگەوە. گەر بیانهێنایە بەرووی دادگەردا دەتەقییەوە. لەسیاچاڵدا بەپەلە گوللەبارانیان کرد وەك هەزارانی تر کە ئامادە نەبوون دان بەو تۆمەتانەدا بنێن. پیترسۆنیشیشیان لەناودا بوو. ئەو سەربازە لافیتییەی کە جارێکیان سەرپەرشتی شەمەندەفەرە پڕ چەکەکەتی کرد.

**زیندانی دووەم** :

پێش ئەوەی ئەنتۆنۆڤ گوللەباران بکەن. پالتۆو چاکەتو پێڵاوەکانی بە هاوڕێ زیندانییەکانی بەخشی. داوای لێکردین گەر زیندووماینەوە، بە هەمووان بڵێین کە ئەنتونۆڤ بۆلشەفیك بوو، هەتا دوا هەناسەش بۆلشەڤیك مایەوە.

**زیندانی سێیەم** :

سێرگی کوڕتیان گێڕایەوە بۆ مۆسکۆ. نە ئازاریان داو نەپرسیارو وەڵامیان لێخواست. ئامادە نەبوو هیچ ڕاگەیاندنێك ئیمزا بکات. تەقەیان لێکردو ملیان شکاند.

**زیندانی چوارەم** :

لیۆنا مرد. ژارکوژیان کردبوو. بردیان بۆ نەخوشخانەیەك لەپاریس. گیانی دەدا کاتێك کە ڕێڕەوەکەی نەخۆشخانەی دەبڕی. نۆرەی تۆش دێت.

( هەموو زیندانییەکان دەچنە دەرەوە. بێجگە لە ناتالیا کەس نامێنێتەوە کە لەدواوەی ژوورەکەدا لەناو کورسییەکەیدا نووقم دەبێت. ترۆتسکی لەپێشەوە دەستەکانی لێك گرێداوە. کراسێك بەدەستییەوە چەند چرکەیەك بێجووڵە ڕادەوەستێت. لەناکاو تەقەی تفەنگ دەبیسترێت. ناتالیا لەجێی خۆی ڕادەچەنێت. ترۆتسکی ڕادەکاتە لای مێزەکەو هەڵیدەگێڕێتەوەو خۆی لەپشتی حەشار دەدات. ناتالیا خۆی هەڵدەداتە سەری تا بیپارێزێت. چەند تەقەیەکی‌تر دەبیسترێن).

دریێژەی هەیە

## گوڵی سەربەستی

### بڕیار

لای هاوڕێ خوێندکارەکانت ماڵ ئاوایت کردو لەبەشی ناوخۆییەکەیان هاتیتە دەرەوە، ڕووناکایی گلۆپی سەر جادەکان لە ئامێزیان نای. پانتایی جادەکەت بڕی‌و بۆ ناو کۆڵانێکی تاریك چووی. لە تاریکاییەدا هەروەك تارماییەك دەبینرای. هەوایەکی سارد خۆی تێ دەسرەواندی، هەردوو دەستەکانت لە گیرفانی ئەملاو ئەولای پانتۆڵەکەت نابوون، ملت بۆ کوڕ کردبووەوە، لە خەیاڵ‌و بیرێکی تونددا نووقم بووبووی، باس‌و بەسەرهاتی ئەم سێ‌و چوار ڕۆژەی زانکۆ لەناخی مێشکتا دەزرینگایەوە. پێکەنینت دێ‌و خەم داتدەگرێ، تووڕە دەبی، هەردەمەی لە بارێکدای، دەبێ ئەو هۆیانە چی بن کە هەردەمەی بۆ ناو ژیان بارێکت دەبن.. هۆکانی لای خۆت نا ئاشنا نەبوون !

دەنگ‌و دوانی ئەو کەسانە دەهاتەوە بیرت

– بیکەن .. نایکەن .. بڕوانامەتان نی‌یە. دەرتان دەکەین ...

لە تاریکایی کۆڵانەکەدا دەڕۆیشتیت‌و ئەو وشانە لە مێشکدا دەزرینگانەوە. هەستت دەهاتە ژان‌و لە ناختا بە بێزارییەوە دەتووت :

– دەیانەوێ چیمان لێ بکەن .. چی ئەکەن با بیکەن، من ئەوەی وتوومە هەر ئەوەیە .. نایکەم .. نایکەم .. بڕوانامەم ناوێ .. دەریشم کەن، کارێکی‌تر دەکەم .. ئەو کارە دەکەم کە لەناو خەڵکیدا شایستەی ڕێز بم. نامەوێ بکەومە بەر قسەو نەفرەتی خەڵکی، ئەو خەڵکەی کە دروستکەری هەموو شتێکەو بەڵام خاوەنی هیچ شتێکیش نی‌یە.

هەستت کرد نمە نم باران دایکرد، چەند تکەیەك هەوا ساردەکە ڕووەو دەموچاوتی هێنا. ڕووت بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە، دوو سێ تکە باران خۆی لە دەموچاوت سرەواند، وردو تیژ دیقەتت لە تاریکایی ئاسمان دا، چەند پەڵە هەورێکی ڕەشت بینی کە بەرەو یەك دەچوون‌و چڕو خەست دەبوونەوە، وەك بەیانی داکردنی لێزمە بارانێك بە گوێتا بچرپێنێت. ئەم بەیانی داکردنی لێزمە بارانە بردیتییەوە ناو کات‌و بارەکەی ئیمڕۆی زانکۆ.

(( بارانێکی بە خوڕ دەباری .. خوێنکارەکان هەموو لە قاوشەکاندا کۆمەڵ کۆمەڵ ڕاوەستابوون، باسی باسەکەی خۆیان دەکردو مشتومڕیان لەسەر دەکرد، چاویشیت لە دڵۆپەی گەورەی بارانە بە خوڕەکە بڕیبوو بیری ((عەلی))یت کردەوە، خوێنکارێکی چوست‌و زیرەکەکە، خوێنکارەکان هموو خۆشیان دەوێ، ئیمساڵ کۆتایی ساڵ بوو، یەکێ بوو لە خوێندکارەکانی پۆلەکەی ئێوە، باسی زۆر شتی جوان‌و ڕێك‌و پێکی دەکرد، بەناو خوێندکارەکاندا دەگەڕاو بەسەر گەرمییەوە پێی دەوتن :

(( مەیکەن .. نەتانەوێ زۆرێك لە خوێنکارەکان لەگەڵ بیرو بۆچوونەکەیدا بوون، لەگەڵ دوو سێ خوێنکاریش بە دەنگ‌و هەرا هات، کە لەو قوتابییانەی کە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان لەسەر خەڵکی تر

دروست دەکرد، لەگەڵ ئەو خوێندکارانەش بەدەنگ دەهات کە پڕوپاگەندەی ترسناك و ڕووخێنەرانەیان لەناو خوێندکارانا بڵاو دەکردەوە :

(( ئەم کارەی ئێوە دەیکەن، ئەرکی تێدایە )). شتی لەوە گەورەتریش. بەوەش نارەحەت بووی کە دەهاتەوە بیرت چەند خوێندکاریتر لە مەترسی ئەو پڕوپاگەندەو هەڕەشانە لە ناچاریا سەریان دابوو

لەپڕ قاچت لەناو چاڵی ئاوی بارانا و کەوت، هاتیتەوە سەرخۆت، بۆڵەیەکت لێوەهات. وەك نارەزایی دەربڕی؛ خەڵکی ئەم گەڕەکە هەژارانە، کۆڵانەکانیشیان بۆ چەوڕێژ ناکرێن، هیچ گرنگیان پێ نادەن و هیچ مافێکیشیان نییەو وەك مرۆڤ نەبن وایە. ڕۆژ ڕۆژی پیاوماقوڵانە. ڕۆژی دەوڵەتمەند و دزو پیاو کوژانە. هەرچی بڵێی ماف قابیل بەوانە، خاوەنی هەموو شتێکن

هەستت کرد بارانەکە خوڕتر کرد، دڵۆپەکانی گەورەتر بوون، کەوتیتە بن دیوارەکان، هەنگاوەکانت خێراتر هەڵهێنانەوە، چۆڕاوگەی سەربانێك سەروملی داگرتیتەوە، داچڵەکیت و هەستت بە ناخۆشییەك کرد، بە دەستێکت کەوتیتە سڕینەوەی، درێژایی کۆڵانە تاریکەکەت بڕی، کەوتیتە سەر جادەو بەر ڕووناکایی گڵۆپە زەردەکان.. سەرنجێکی چاوت لەیەکێ لە گڵۆپەکاندا.. جوان ڕوناکایی دەبەخشی.. لێزمەی بارانی لەبەر ڕووناکییەکەیدا وەك تیر دادەکەوتن، گڵۆپەکانت خۆشویست و ڕێزت لێ گرتن: بەردەوام هێزو کاریان دەخەنە گەڕو تاریکستان ڕاو دەنێن و ئاگر لە شەوەزەنگ بەردەبەن گوێ بە ڕێژنەی باران و لوورەی ڕەشەبا و کڕێوەی بەفر نادەن و تا ڕۆژ هەڵدێ ئازایانە لە سەنگەری نەمریدا دەوەستن.

هەناسەیەکی ئاگرینت هەڵکێشا، ناکەس بەچەکانی زانکۆت هاتەوەبیر، ئەی بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە گڕ لە خۆیان بەرنادەن .. تۆزقاڵێك ڕووناکی نابەخشن، ئەوانە کەی مرۆڤن، ئەوانە فوو لە ڕووناکی دەکەن. ئەوانە تاریکستان و تۆوی تاریکی دەنێژن، دەیانەوێ بیرومێشکی خەڵکی بتاسێنن و لە ڕەوتی ئامانج و هیوایان بخەن.

خوڕتربوونی بارانەکەو تەڕبوونی سەرتاپای جەستەت لەو جەنگی ناو خەیاڵانەی دەرهێنای، سەرت بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، لەگەڵ ڕوو بەڕوو بوونەوەی دڵۆپە بارانی گەورەدا بروسکاییەکی تیژی هەورەکەت بینی پاشان دەنگێکی تووڕەو بەسام لە گوێی دایت .. لە پێش خۆت ڕوانی قەڵاکەی شارت بەدی کرد، ڕووناکایی ((فلاجکتۆرەکان )) چەند شوێنێکی دیوارو گڵی لاپاڵی قەڵاکەیان ڕووناك کردبۆوە.

زۆر بەتاسەو ڕێزەوە چاوت بە قەدپاڵ و دیوارە تاریك و ڕووناکەکانیدا خشاند کە ڕەنجی شان و خوێنی هەزاران کۆیلەو چەوساوەی پێوە دیارە

کە منداڵ بووم زۆرجار لە خەڵکیم دەبیست، باسی گرنگی و جوانی ئەم قەڵایەیان دەکرد، دەیانووت هەولێر بەرزترین قەڵای تێدایە، قەڵایەکە کە لە هەزاران ساڵەوە ڕیشەی خۆی لەو زەوییەدا داکووتیوە، باسی ئەم قەڵایەیان دەکرد بە هەموو شێوەیەکی نەمری و سەربڵندی، هەر ئەوکاتە زۆر حەزم بەبینینی دەکرد، خۆزگەم دەخواست بە ڕاکردن پیاسەرکەوەم و پیا بێمە خوارەوە، هەروەکوو یاڵ و شیوو کۆڵانە پیس و قوڕاوییەکەی خۆمان لەگەڵ منداڵە ورتکەی گەڕەکەمان بیکەین بەجێی یاری و ڕمبازی

بەڵام دەمێك بینیم حەزم دەكرد ملوانكەی خۆڕ بدەم لە گەردنی بەرزی .

دەنگێكی خاو لە تاریكایی شەوو لە دونیای ئەو بارانەدا لەو كێشەوخەیاڵەی دەرهێنای:

– تۆ .. كا.كە ..

هەست كرد ئـەو زەلامـە بـوو كـە دوو سـێ هـەنگاو پێشـی كـەوتیت. لەشـوێنی خـۆت ڕاوەسـتای ئـاوڕت لێدایەوەو دەنگت لێ بەرزبووەوە :

لەگەڵ منتە ؟

بۆت دەركەوت كە مرۆڤێكی سەرخۆشە. لە جیهان بێ ئاگایە، كەمێك بەملاو ئەولادا كەوتو گەیشتە لات .. دەستی هەڵبڕیو بەدەنگ خاو كردنەوەیەكی سەرخۆشانەوە ووتی :

– گوڵی .. سەربەستی.. مەرد.. ئەو گەلەیە .. بگاتە .. دەستی.. بەسەر ڕاوەشاندنێك دواندت كە وایە. پشتت تێوەر چەرخاندو ڕێگەت دایەوە بەر، ووشەكانی سەرخۆشەكە لـە مێشـكتا دەهـاتنو دەچـوون (( گوڵـی .. سەربەستی .. مەرد )) خۆری سەربەستی ئیمڕۆ بێ یان سبەی لەگەڵ شكاندنی زنجیری ژەنگاوی كاری بەكرێو فەرهەنگی كۆنو نا ئینسانی هەڵدێ .

هەر بەم مێشكە پڕ لە خەیاڵو كێشەو ئاواتەوە كۆڵانە تاریكو قوڕاوییەكەی خۆتان لەگەرووی نای

**هەولێر فێبریوەری ١٩٨٦**

## دڵداری خوداو ئەهریمەن

**هەژێن**

لەبەردەم هەیوانەکەدا ڕووەو خۆرئاوا لەسەر چیچکان، دەست لەسەر ئەژنۆ پاڵی دابووە دیوارە بەردینەکەی پشت سەری و، ڕۆچووبووە گۆمی لێڵی بیرەوەرییەکانی. ئای ئامین ئێستاکە چی بکەی، ئەترسم پاش گوێزرانەوەی من بۆ ئێرۆکانە، مەلا عەلی خەریکی ساڕێژکردنەوەی جێگە تەورەکەی من بێ. ئای لەو ڕۆژانە چەندە خۆش بوون، ئەترسم لێرە نێچیری ئاوام بۆ هەڵنەکەوێ و لەولاشەوە عەلە ساختەچی لەپەنجی من بخواتن. بەخودای هەرچەندە ئامین خۆش مامەڵە بوو، بەڵام هێندەی شیرین ژنە چکۆلەکەی حاجی عەولا جوان نییە. مەترسە مامۆستا خودا بەشی مارو مێرولەش دەدات، تۆ بڵێی ڕەبەنی منی پێ قبوڵکرێ ؟ بەس نەبوو حەپسەی ئامۆزام نەهێنا، بەخودای وەك شیرینی چاوی لە هەرزەو تازەکاران دەبوو. دەی دەی خۆگەر حاجییەکان دوو ژنی نەهینین، کێ لایەکی لەسەرو مێزەرەی من دەکاتەوە. بەخودای ئەم نووشتە نووسینە نیعمەتە، ئەگینا دەبوو هەر لیکم قوتدایە. گرازە گرازەی مامرو کەڵەبابەکەی حاجی عەولا، زنجیرەی خەیاڵە بێ سەرەتاو کۆتاییەکانی مە موشیری پساندو یەك دووجار لەدەوری مامری نازونوك کەر سووڕایەوەو وەك کێچ قونییە بانی، چەندجار بەرو دواو خۆکوڕ کردنەوە، خۆی هەڵدایە خوارێ. مەلا موشیر وەها سەرنجی دابوویێ، دیوارە بەردینەکەی پشت سەری لێ بووبووە نوێنی بووك و زاوایی و پەڕی پڕوسپی مامرەکەی لێ بوو بووە لەش ولارە بلوورینەکەی شیرین. وەها ئاگای لەخۆی بڕا بوو، بەدەم خەیاڵەوە کوڕ دەبووەوەو ڕاست دەبووەوەو بۆڵە بۆڵێکیشی لێوە دەهات و لەبەرامبەر خۆری پاش نیوەڕواندا شەلاڵی عارەقە بوو بوو.

– ئا شیرین گیان، دەزانم چەندە بێزاری لە نرکەنرکی چەند سەعاتەی حاجی و کەچی هیچیش. بەخودای ئەمجارە هاتی دووعای سەر ناوکت لۆ دەگرمەوە. بەخودای ڕاست دەکەن؛ گەر خودا دەرگەیەك دابخات، ئەوا دەرگەیەکی دی دەکاتەوە. ڕاستی فەرمووە شاعیری بە عیرفان: خوا تا شیوێن نەبینێ موشیری نەقلی ئێرۆکانە ناکا. ئاخ شیرین گیان خۆزگە بەیانی دەهاتی، بە خودای دوعایەکم لۆ دەکردی تا حاجی وەك زەردەواڵە لێت دوور کەوێتەوە. ئاخر کو دەبی ئەو هێنگینەی لەپێشی ئەو مەگەزەی دانێی. ئای لەو نەرمە لەرەی مەمکۆلانی، وەی تاك و جووتی لا سمتە گۆشتنەکانی، بابی بابم نەنکم بەقوربانت بێت، وەکی مامزی ڕێیان دەکات. بەخودای ئەترسم ئەمشەو عومر کۆتابەو ڕۆژ نەبێتەوە، ئەزانم بەیانی جوعمەیەو دێیتەلام تاوەکو نووشتەکەت بۆ بکەم، شتی وا بەڕۆژی جوعمانا پیرۆزە، گەر خوا ڕێکی خا و شیرین بەتەنیا بێ و پڕو پیرە ژنم لێکۆنەکاتەوە. ئەوسا وەکی ئادەمی سێوێکم دەرخوارد بدە چش لەبەهەشتی.

حاجی جەمەدانییەکەی توند لەسەری ئالاندو ڕووەو مامۆستاو:

_ ئحم. ئحم سلاوی خودات لێبی مامۆستا، چتە، خۆ نەخۆش نیت دووربێ لەگیانت؟

**مەلا موشیر:** ئح. ئح نەخێر حاجی، ئەوە خۆرەتاوەکەی خۆش بوو، بەخۆمم گووت " با کەمێك لەبەر ئەو خۆرەتاوەی لۆ خۆم دانیشم.

**حاجی عەولاً:** بەقوربانی زاتتان بم ئەنگۆ گەر بشخەون ئەوا بە تاعەت لۆتان بەحیساب دێ.

**مەلا موشیر:** بەتەمای کەرەمی خودای.

**حاجی عەولاً:** بێشك سەرقاڵی ئامادەکردنی بابەتەك بووی لۆ سبەینێ.

**ملاموشیر:** نەوەڵا حاجی، لۆ بابەتی پێویست بەوەی ناکات، لۆمان دیاری دەکرێ لەشاری. ئەوەی ڕاستی بێ، بیرم لە کارەکانی خوداوەندی دەکردەوەو بەچاوی دڵ لە جوانییەکانیم دەڕوانی، بەڕاستی چتەکی عەنتیکەیە. جا پیاو تا شەرعو فیقی نەخوینی لێی تێناگا. خۆزگەم بەوەی بەو بەهەشتە ڕەنگینەی شاد دەبن. ئەترسم نەیبینم !

**حاجی عەولاً:** قوڕ بەسەر من. کو وا دەرێی مامۆستا، من دڵنیام کە تو پێش من پێی شاد دەبی، بەشی ئەنگۆ لە هی مە باشتر دەبیت.

**مەلاموشیر:** هاوار لەدەمو نەفەست. بابڕۆین نوێژەکانمان بکەین. (سەیرێکی شیرینی دەکات) بەتەمای ڕەحمەتی خودای.

نەرمە بزەی شیرین ئاگری لە ناخی وەرداو لێوەکانی کەوتنە نەرمە جوڵە، ئاگای لە حاجی نەماو لە ناخیدا دەنگێك دەیهەژان:

**بۆ چیمە ئاوی زەم زەمم ؟**
**گەر لە تۆوە هەمبێ**
**ماچی ناودەم**
**گیانی گیانم حاجیژن !**
**بەهەشتم لۆ چییە**
**کە کەس لێی دڵنیا نییە**
**گەر سبەی بێیتە کنم**
**دەزانی مێزەرەم بۆ چییە**
**کوێندەرێیە قیبلەی من حاجی ژن !**

## خاتە سوور و حەمەتاڵ

دەرێن مامە لە کۆنگرەی پێکهێنانی کۆمیتەی نووسەرەکانیاندا، داوای لە نووسەرانیان کردووە، نەترسن ڕەخنەمان لێبگرن، خارە حەمە، تۆ دەرێی چی، کو لەمە دەگەی ؟

**حەمەتاڵ** :

ئازادن ! بلێن و بلێن و بلێن
تا چەناگەتان لەبن دەردێن
خۆشحاڵم ختوکەم دێ
کاتێ ئێوە بەشان و باڵما هەڵبلێن
ئازادە ئازاد کوتەک و لولەی تفەنگ
لە کوردستانا بۆ سەر دڵی کەسانی چەلەنگ
بیانکوژن .. بیانبڕن .. بیانسوتێنن
ئەوانەی پێتان دەڵێن : زەبەتگ و دەبەنگ
بگرنە دەست خامەی ڕەسەنی کوردی
لەبیری جەماوەرا سازکەن، جادەو پردی
بۆ پەڕینەوە لە گۆخڵان و برایم خەلیل
بۆ پێشوازی لە لەشکری ئیسلامی و تورکی
ئێوە پاش ئەمن و هەواڵگری و زانیاری
هێزی چوارەمن بۆ چاوسورکردنەوەو فریوکاری
گەر هات و ملیان بە ئامۆژگاری ئێوەش نەدا
پەنا دەبەینەوە بەر تەورەکەی دەستی جەباری
هەستن ڕابن، خلەو بلەو جەلەو عەوڵ
بۆ فریوو چاوبەس ئازادانەو بەرەڵڵ
گەر خامەی جادویی ئێوەش دادی نەدا
ناچار بەرز دەکەینەوە سەیفوالله
بەشەق و بەخامە، بەچەک و کوتەک و بەرد
ڕایانکێشنە ژێر دەواری ڕەشی ئەسەسەرد
بە کۆمیتەی نووسەران، ملیان پێکەچکەن
هۆگرانی ئازادیش با بدەن لە شاخ و هەرد
ئازادە، ئازادی ڕا دەربڕین بۆ کەڕوڵاڵان

ڕێکخراوبوون، بۆ کۆنە (پ.م)و دەرباران
ڕێپێوون ژنانی ینک بۆ بارەگای بەندە
بۆ بەخشینی دیموکراسیو یاسای پیاوسالاران
بەو قوڕئانەی لە قوم خەتمم کردگە
بەو تاجە گوڵێنەی بۆ سەر ئیمامم بردگە
بۆ سەرکوتنی ڕەخنەو ناڕەزایەتی
ئێوەم بۆ ڕۆژی تەنگانە ئامادە کردگە

پلە خاتوون، ئێژن کاکە لە مامەی عێجز بووەو وتگیەسی ((چەند ساڵە هەمە خۆ پێوازی پاک ناکەینو سەندیکای نووسەرانمان دامەزرانگە، بۆ چ هەوە لەم عانو سەعاتەی ئاشتیا، شتێکیٚ قوتدەکەنەوەو دووبەرەکی دروست دەکەنۆ )) تۆ بێژی وەڕاست کاکەی قزڵباشی شینی نووسەران بکا ؟

**خاتەسوور** :

هەی لاوە لاوە لاوە
براکەی بابم لاوە
خۆ تۆ پیێری هاتیتە لام
بۆچ وا زوو باتداوە
پێنج ساڵە مە سەندیکامان داناوە
خۆی گرتووە، چەلەنگە، فێری ڕاوە
دڵم لیێت ڕەنجاوە، نازانم بۆ چی
ئەسەسەرد لەولاوە ڕەشماڵی هەڵداوە
برای خاسبەو وەرە بادە بەملاوە
ئەو فیێڵە سواو، کەڵکی نەماوە
یەکیەکێتیو کۆمەڵەچیێتی بەسەرچوو
سەدەی بیستویەکەو خەڵک چاوی کراوە
سەندیکاینێ بەسە بۆ خامەلوسان
تێمان بەرمەدە دەمی مافپەرۆشان
ئەوجار یەککگرتنەوە فرە سەخت دەبێ
کەس ناخەڵەتێ بە سەندیکێتی نووسەران

**لالۆ حەمە، شنەفتگمە حشع هەوجارەش بەنیازی وەرگرتنی قەنەفە لە کۆمیتەیەکی تری ینك دا بەنێوی (یەکێتی نووسەران) بەشداری کردووە، بەلاّم ئەوانیش وەك یەکگرتوو کورسیۆکەکیان بەرکەوتووە، تۆ بێژی بەو کورسیۆکەو لەو کۆمیتۆکەدا حشع ئەو خەباتەی کە باسی دەکا بۆی بچێتە پێشەوە ؟**

**حەمەتاڵ :**

**– کوێرە چیت دەوێ ؟**
**– دوو چاوی کوێر !**
**کورسییەکم بەسە**
**پێ ناکەمە کەوشی**
**مرۆی ئازاو دلێر**
**گورگم کردۆتە داوەرو**
**وازم هێناوە،**
**لەبەرەی برای شێر** *
**کورسی نووسەران هەبێ**
**چم داوە لە ئازادی ڕاوبیر**
**کورسی کورسییە هەی تلّپە نەزان**
**قەیدی چییە جا با بێژن**
**ڕەش نییەو سپییە قیر**
**چمان داوە لە گارەی ڕەشوڕوت**
**بۆ دواوە بەرەو قیبلەگا**
**– پارلەمانی هۆزو میر–**
**ڕۆژ ڕۆژی کورسی بازییە**
**نایگاتێ بە ڕەخنە پیاوی ژیر**
**بۆ مە گشتی هەر یەکە**
**براگچکەیی یەکگرتووی ئیسلامی**
**یان یەکگرتووی تورکمانی**
**چ پێویست دەکا بە ڕاو تەکبیر ؟**

* حافز ئەسەد

# خشتەکە

تێبینی: لەپڕکردنەوەی ئەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی لەبەرچاو گیراوون، بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە تەنیا نیشانەی" ٚ"ی پیتەکانی ((ڕ،ۆ،ێ) نەبێت، کە بەشێوەی((ر،و،ی) نووسراون.

**ئاسۆیی ←**

١-ڕێباز    خاوەنی فەلسەفەی پۆزڤییزم.

٢-ئاوا    دووپاتی پیتێك    شکاوی هێلکە لە هێڵکەدانی مریشکا.

٣-گیاندارێکی گچکەی کۆمۆنەچین    سیری کێویلە    (جۆزێف)ی کوردی.

٤-بێکێشانو پێوان کن (پ).

٥-گەمار.

٦-سەروەر (پ)    ئەو (پ).

٧-گوندی قەیسەر (پ).

٨-جۆرە گیایەکی کوێستانی    یەكو دە (پ).

٩جۆرە شەرابێك (پ)    (چێڵ)ی کلك بڕاو    خەوت (پ).

١٠-بەندی سەروی قامك    گوشادو پەل.


١١-سێبەر    بونەوەرێکی گوشیرینی کۆمۆنەژین.

١٢-    .    ١٣-    .

١٤- وێنەکێشێکی بەناوبانگی فەرەنسی.

١٥-گیاندارێکی فێلباز تەلەفزیۆن.

١٥ ١٤ ١٣ ١٢ ١١ ١٠ ٩ ٨ ٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١



خشتەکی ژمارە (١٠)

## ستونی ↓

١-نوسەرێكی فەرەنسی ریالیست مریشك.

٢-هاوەڵ قفڵ (پ) ژمارەیەك بەلێی ئاڵمانی (پ).

٣-رۆیشت (پ) گوند میردی چێڵ (پ) ئەو (پ).

٤-ئاڵقەی سەر گوریسی باربەند (كاس)ی بێسەر! نەخۆشی زمان ئەستور بوون.

٥-بووك دووپاتی پیتێك (مام)ی سەربڕاو!

٦-رێگە یاخی، سەرسەخت.

٧-بەجێهێشتنی ئاسەوار سۆنگە.

٨-تیر، بەرامبەری شلوتراو نوێ.

| ١٥ | ١٤ | ١٣ | ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | و | ه | | ژ | | ر | | م | | ئ | | | | |
| ه | | و | ی | | ر | ی | م | | و | ا | ه | | پ | ك |
| ئ | ا | ن | د | ر | ی | ب | ر | ی | ت | و | ن | ب | | ی |
| | | ه | | ه | | | و | | | گ | | | ه | |
| | | ر | | ش | | | | | | س | | | | |
| ی | | | | ب | ۆ | | ب | ا | ف | ت | ه | | ر | ب |
| ا | ب | ە | ڤ | گ | | | ر | | | ر | | | ی | و |
| خ | و | ا | | ی | ل | ی | و | | ب | ی | ر | ی | ا | ر |
| ی | م | و | | ر | ی | ل | ا | س | ا | ن | ی | | ك | ا |
| ب | ه | ر | | | | | | | | و | ن | | ا | ن |
| و | ل | ی | ج | ن | ە | ئ | ل | ك | ی | ا | م | | ر | |
| ن | ە | م | ر | ه | ئ | | ا | | ا | ر | ا | | | |
| | ر | | | | | | | | ن | | ی | و | ا | ب |
| | ز | | ی | ر | ا | ك | و | ا | ه | | ن | | و | |
| | | | ز | ی | م | | | ت | | | و | ه | | و |

پڕكراوەی خشتەكی ژمارە (٩)

٩-نازناوی هونەرێكی كۆمۆنیست، باوكی هونراوەی نوێی كوردی هێمن جندۆكە.

١٠- كوخ ی روسی تەرپیربوون ئەوە.

١١-(تاج)ی رایەڵ كەوتوو رزین چوئێشە (پ).

١٢-پاشگرێك بە مانای (دی، تر) (هاسەر)ی سەرلێشێواو هەرمێ.

١٣-سەرەڕۆ چاودێری.

١٤-لاواز (پ) ئێوە (پ).

١٥-نازناوی ئەندامێكی نوسینگەی سیاسی یەكێ لە پارتە بۆرژوازییەكانی كورد.